

ZANGIIN

# نامیلکەی ملیۆنێرێک

## چۆن بێ ئەندازە زەنگین دەبیت

گرانت کاردۆن

بە کوردیکار
تەها جەلیل

چاپی دووەم

# ناميلكەی مليۆنێرێك

گراند كاردۆن

٢٠٢٠

ناوی کتێب : نامیلکەی ملیۆنێرێک
نووسینی: گراند کاردۆن
بەکوردیکار: تەها جەلیل
هەڵەچن: تاڤان جەبار
دیزاین: دیدار زانا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: سێ هەزار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ٢٧٧٥ )ی ساڵی ( ٢٠١٩ )ی پێدراوە .

"دەکرا لیستی ئەو قسە جوانانەت بۆ ڕیز بکەم

کە خەڵک ووتوویەتی لەسەر ئەم نامیلکەیە

,بەڵام تۆ مادام لاپەڕەی ئەم پەرتووکەت

هەڵداوەتەوە, کەواتە جیاوازیت, کەسانی

جیاوازیش گوێ نادەن بەوەی کە خەڵکی

چی دەڵێن."

بە کوردیکار

## پێشەکی

ئێستا بە کەسێك بڵێ نیازم هەیە کتێبێك بخوێنمەوە لەسەر بوون بە ملیۆنێر، دەم و دەست خەیاڵی بۆ ئەوە دەڕوات و دەڵێ کە کابرای نووسەر قۆڵت دەبڕێت و خۆی بەو کتێبە دەبێت بە ملیۆنێر.

ئەمە ئەو بابەتەیە کە لایەکی خەڵکی خۆمان گیرۆدەی بووە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئەمە ئەو مێشکەیە کە لە هەموو دەرفەتێکدا، زەحمەتێك دەدۆزێتەوە. ئەمە ئەو ئەقڵیەتەیە کە پێی وایە هەرچی بە هەژاریی لەدایك بوو، فەرزە لەسەری بە هەژاری بمرێت. ئەمە ئەو مێشکە چەقبەستووەیە کە گومانی هەیە لە هەموو ئەو کەسانەی دەستی دەگرن بەرەو ژیانێکی باشتر، کەچی هەموو ئەوانەی خۆش دەوێت کە مەستی دەکەن و دەیبەنە دنیایەکەوە کە تیایدا هەست بە داماوی خۆی نەکات.

ئەگەر وورد بینەوە، تێدەگەین کە ئەوە گومان و ڕق نییە. بەڵکو مرۆڤی تەمبەڵ، بە سرووشت وایە کە حەزناکات

## پێشەکی

ئێستا بە کەسێک بڵێ نیازم هەیە کتێبێک بخوێنمەوە لەسەر بوون بە ملیۆنێر، دەم و دەست خەیاڵی بۆ ئەوە دەڕوات و دەڵێ کە کابرای نووسەر قۆڵت دەبڕێت و خۆی بەو کتێبە دەبێت بە ملیۆنێر.

ئەمە ئەو بابەتەیە کە لایەکی خەڵکی خۆمان گیرۆدەی بووە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئەمە ئەو مێشکەیە کە لە هەموو دەرفەتێکدا، زەحمەتێک دەدۆزێتەوە. ئەمە ئەو ئەقڵیەتەیە کە پێی وایە هەرچی بە هەژاریی لەدایک بوو، فەرزە لەسەری بە هەژاری بمرێت. ئەمە ئەو مێشکە چەقبەستووەیە کە گومانی هەیە لە هەموو ئەو کەسانەی دەستی دەگرن بەرەو ژیانێکی باشتر، کەچی هەموو ئەوانەی خۆش دەوێت کە مەستی دەکەن و دەیبەنە دنیایەکەوە کە تیایدا هەست بە داماوی خۆی نەکات.

ئەگەر وورد بینەوە، تێدەگەین کە ئەوە گومان و ڕق نییە. بەڵکو مرۆڤی تەمبەڵ، بە سرووشت وایە کە حەزناکات

کەس خەبەری بکاتەوە. ئەو کەسێکی دەوێت لایلایەی بۆ بکات و خەوەکەی قووڵتر بکاتەوە. هەر بۆیە ئامادەیە چەندین سەعات گوێ لە گۆرانییەك بگرێت، بەڵام پێنج خولەك گوێ لە کەسێك نەگرێت کە هانی ئەدات بۆ ئەوەی بڕواتە دەرەوە و دەست بەکاربێت. چونکە وەك ووتمان، سرووشتی مرۆڤی تەمبەڵ وایە کە حەزناکات کەس خەوەکەی لێ بزڕێنێت.

ئەگەر تۆ لە من بپرسی کە ئایا ئەم کتێبە دەتکات بە ملیۆنێر؟ بێگومان ڕاست و ڕەوان پێت دەڵێم کە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ناتکات، بەڵکو جێبەجێکردنی ئامۆژگاریەکانی دەتکات. ئەم کتێبە ئەگەر نەتکات بە ملیۆنێریش، ئەوا دڵنیا بە ڕێگەیەکت نیشان دەدات کە داهاتی ئێستات دووقات و دەقات بکەیت، هەرچەندە ئەگەر بۆی تەرخان ببیت، دەتکات بە ملیۆنەر و ملیاردێریش.

کەسی هەژار، هەڵبەت هەژاری مێشك پێش هەژاریی گیرفان، دەڵێت: ئەی نووسەری کتێبەکە خۆی بۆ نەبووە بە

ملیۆنێر؟ کاتێك پێی دەڵێیت کە کابرا خاوەنی سەدان ملیۆن دۆلارە. دەڵێ ئەی وەرگێڕی کتێبەکە بۆ نەبووە؟ یان فلان کەس خوێندییەوە بۆ نەبووە بە ملیۆنێر؟ ئەو هەموو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی قەناعەت بە خۆی و چواردەورەکەی بهێنێت کە بگەڕێنەوە بۆ خەوە خۆشەکە و بەخەبەر نەیەن.

وەلێ کەسی زەنگین، هەڵبەت زەنگینی مێشك پێش زەنگینی گیرفان، دەڵێت: ئەگەر کەسێك پێش من بووبێت، کەواتە منیش دەبم و لە پرۆسەی بوونمدا، هاوکاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە وەك من هەمان خەوونیان هەیە.

پێشوەختە پیرۆزباییت لێ دەکەین بۆ هەڵبژاردنی ئەم نامیلکە بچووکە مەزنە. دەزانم کە ئیشی نیوکاتژمێرە خوێندنەوەی. وە ئەگەر تێبینیەکان بنووسی، دەبێت بە دوو کاتژمێر. بەلام دڵنیات دەکەمەوە کە ئەو دوو کاتژمێرە ئەگەر وات لێ بکات تەنها یەك هەنگاو لەو هەنگاوانە بنێیت کە ئەم نامیلکەیە باسی دەکات، ئەوا لە داهاتوودا سوپاسی خۆت دەکەیت کە کاتت تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی.

هەرکات یەکەم هەزارییت پەیدا کرد بە بیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە, ئێمە لە پەیجی "zangiin" چاوەڕوانتین کە گوێمان لێت بێت و شاگەشکە دەبین کە هەوڵەکانمان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە. هەر لەوێ, هاوکاری هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هەمان خەونی ئێمەیان هەیە.

**تەها و تازان**

**سلێمانی**

## نامیلکەی ملیۆنەرێک

شەوی یەکشەممە بوو، لە جێگەیەك بووین کە نزیکەی ۲۰۰ کەس کۆبووبوونەوە بۆ هەڵمەتێکی خێرخوازی. ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوەیە دایاننابوو کە ۲ ملیۆن دۆلار کۆبکەنەوە بۆ پڕۆژە خێرخوازیەکە. کاتێك سەیرێکی چواردەورم کرد و خەڵکەکەم بینی، لێتان نەشارمەوە، پێم وابوو دوو ملیۆن دۆلار خەیاڵییە و هەرگیز کۆنابێتەوە. خۆ خواهەڵناگرێ ژوورەکە پڕبوو لە کەسانی بەخشندە و ئیشکەر، کە پێشتر پارەی زۆریان بەخشیبوو. هەندێکیان تەنانەت پارەیان قەرز کردبوو، هەندێکیان لە کاتی خۆیان بەخشیبوو بە پڕۆژەکە، وە هەندێکیان هەم پارەی خۆیان بەخشیبوو، هەم قەرزیان کردبوو، هەم کاتیان بەخشیبوو، واتە هەرسێکیان کردبوو. من دوای ئەو شەوە، دوای بینینی ئەو خەڵکە، بیرۆکەی نوسینی ئەم نامیلکەیەم بۆ هات.

ئەو خەڵکە بە ئاشکرا پێیانەوە دیاربوو کە دەیانەوێت پارەی زیاتر ببەخشن. بەڵام داماوانە خۆیان هیچ پارەیان پێ نەمابوو. لە سەرەتاوە، بەپەنجا کەس نزیکەی لە سەدا

٢٠ی پارەکەیان کۆکردەوە. وە بە چوار خێزانی خانەدانیش توانیان نزیکەی ٥٠ دەفتەر کۆبکەنەوە. خوا نەیبڕێ خراپ نییە! بەڵام هێشتا یەك ملیۆن دۆلاری تر ماوە!

ئەو یەك ملیۆن دۆلارەی کە مابوو، لەلایەن تەنها یەك کەسەوە دابین کرا، کە هەموو ئامادەبوانی توشی سەرسوڕمان کرد. خەڵکی فرمێسك لە چاویاندا قەتیس مابوو و دڵخۆش بوون بەوەی کە توانیویانە دوو ملیۆن دۆلار کۆبکەنەوە بۆ ئەو پرۆژە گەورەیە. کاتێك سەیری چواردەورم کرد و ئەو خەڵکەم بینی کە چەندە دڵخۆشە، بۆم دەرکەوت کە هیچ کەسێك نییە لەم هۆڵەدا کە خۆزگە بەو برادەرە نەخوازێت کە ملیۆن دۆلارەکەی بەخشی.

ئەو شەوە بەجۆرێك ئیلهامی بە من بەخشیبوو، گەڕامەوە ماڵەوە خێرا بە خێزانەکەمم ووت "ئەمەوێت کتێبێك بنووسم و خەڵك فێربکەم کە چۆن ببن بە ملیۆنەر" وە خێرا لەم شەوەدا ئەم کتێبەم نووسی.

با پێتان بڵێم ئەم کتێبە نە نووسەرێکی تر بۆی نووسیووم و نە ووشەی سەرنج ڕاکێشی تیا نووسراوە

٢٠ی پارەکەیان کۆکردەوە. وە بە چوار خێزانی خانەدانیش توانیان نزیکەی ٥٠ دەفتەر کۆبکەنەوە.خوا نەیبڕێ خراپ نییە! بەڵام هێشتا یەك ملیۆن دۆلاری تر ماوە!

ئەو یەك ملیۆن دۆلارەی کە مابوو, لەلایەن تەنها یەك کەسەوە دابین کرا, کە هەموو ئامادەبوانی توشی سەرسوڕمان کرد. خەڵکی فرمێسك لە چاویاندا قەتیس مابوو و دڵخۆش بوون بەوەی کە توانیویانە دوو ملیۆن دۆلار کۆبکەنەوە بۆ ئەو پڕۆژە گەورەیە. کاتێك سەیری چواردەورم کرد و ئەو خەڵکەم بینی کە چەندە دڵخۆشە, بۆم دەرکەوت کە هیچ کەسێك نییە لەم هۆڵەدا کە خۆزگە بەو برادەرە نەخوازێت کە ملیۆن دۆلارەکەی بەخشی.

ئەو شەوە بەجۆرێك ئیلهامی بە من بەخشیبوو, گەڕامەوەماڵەوە خێرا بە خێزانەکەمم ووت "ئەمەوێت کتێبێك بنووسم و خەڵك فێربکەم کە چۆن ببن بە ملیۆنەر" وە خێرا لەم شەوەدا ئەم کتێبەم نووسی.

با پێتان بڵێم ئەم کتێبە نە نووسەرێکی تر بۆی نووسیووم و نە ووشەی سەرنج ڕاکێشی تیا نووسراوە

و نه پشتی بەستووه بە یاسا ئابوورییەکان، ڕاستیتان پێ بڵێم؟ ئەم کتێبەم تەنها لە ماوەی ٢ کاتژمێردا نووسیووه.

بۆیە لە ئێستاوه داوای لێبوردن دەکەم کە زۆر سادە و ساکار نووسراوه. ئەوەی کە من ئەمەوێ ئەوەیە کە بەم نامیلکە خنجیلانەیە چەندین ملیۆنەر دروست بکەین، نەك خەڵاتی باشترین نووسەر و باشترین ئابووریناس وەربگرین.

من ئیشم بەوە نییە کە سەرنجی خەڵك ڕابکێشم و کەش و فش بکەم لەسەر ئەوەی چەندەم پەیدا کردووه و چی ئەزانم و چی نازانم. من ئەمەوێ پێت بڵێم کە ئەوەی من کردوومە لە ژیانمدا زۆر ئاسان بووه و هەموو کەس دەتوانێت بیکات.

پێم خۆشە هاوکارت بم لەوەی کە ببیت بە ملیۆنەر و زەنگین ببیت. ئەگەر پێت وایە شایەنی ئەوەیت کە ببیت بەو برادەرەی ئەو شەوە یەك ملیۆن دۆلاری بەخشی؟ کەواتە با بەیەکەوە ناوی خوای لێبهێنین.

**گراند کاردۆن (مامە گراند)**

## سەرەتا

لە (نامیلکەی ملیۆنەرێك) دا, ئەمەوێ زۆر بە سادەیی باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە چۆن دەتوانیت ببیت بە ملیۆنەر. تەنانەت زۆر لەوە زەنگینتریش, هەڵبەت ئەگەر خۆت بتەوێ. ئەمەتان لێ نەبێت بە کوڵی شێر و پێتان وانەبێت کە شتێکی ئەوەندە قورسە. من پێتان دەڵێم دەتوانن, چونکە خۆم کردوومە بەو زانیارییانەی کە لێرەدا وەك هێلکەی پاکراو دەیخەمە بەردەستتان.

لەسەدا سەد دڵنیام کە هەموو کەس بەبێ جیاوازی دەتوانێت ببێت بە ملیۆنەر , تەنها ئەگەر ئامادەی ئەوە بێت کە شانی بخاتە ژێر. من ئیلاقەم نییە ئەگەر ئێستا زەنگین بیت, یان فلس لە گیرفانتا گۆرانی بڵێ! ئیشم بەوە نییە لەکوێ دەژیت و چ کارەیت. بەڵام پێم وایە کە زەنگین بوون یەکێکە لە بەرپرسیارییەتیەکانی تۆ و دەبێت پێ ی بگەیت. تەواو!

ئەگەر هیچ دەربارەی مامی خۆت نازانیت، با کەمێك باسی چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ بکەم. من لە تەمەنێکی گەنجەوە دەستم کردووە بە بنیاتنانی دارایی خۆم. هەر لەو کاتەوە تا ئێستا، ئازایانە کارم کردووە و ئێستا داهاتێکی وام پێکەوە ناوە کە بۆ چەندین نەوەی ترم بەشم دەکات و تا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم کۆتایی نایەت. جا دیقەت بدەن، ئەڵێم "تا ڕادەیەك" چونکە ئەزانم شتێك هەیە بەناوی (قۆرغکاری ئابووری) و باش لەو گەمژەییە تێگەشتووم کە لەم گۆی زەوییەدا هەیە.

بەهەرحاڵ، من لە ١٦ ساڵیەوە خولیای زەنگین بوون هاتبووە ناو مێشکمەوە. بەڵام بەینی خۆمان بێت هەتا ٢٥ ساڵیش دینارێك لە گیرفانمدا نەبوو. ئینجا دوای ئەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ژیانی کەسە زەنگینەکان و یاساکانی زەنگین بوونم هەڵسەنگاند و بۆم دەرکەوت کە چ شتێك ئیشی خۆی دەکات و چی نایکات. ڕێگایەکی دوور و درێژ بوو بۆ من. ئێستاش بیرمە کاتێك یەکەم دەفتەرە

دۆلارم پاشەکەوت کرد. ئینجا دواتر بوو بە ١٠ دەفتەر و کاتێك ئاورم دایەوە لە سەرەتای سییەکانی تەمەنمدام و بووم بە خاوەنی یەکەمین ملیۆنە دۆلار. لەو کاتەوە توانیومە ٥ کۆمپانیا دابمەزرێنم و هەریەکەیان سالآنە ١٠٠ ملیۆن دۆلار فرۆش بەرهەم دەهێنن و سەروەتێکی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری پێکەوە دەنێن و نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلارم تەنها لە ڕێگەی موڵك و خانووبەرەوە بۆدەهێنن.

ئێستا لەوانەیە بڵێیت "دەستت خۆش بێت مامە کاردۆن, توخوا بە ئێمەش بڵێ چۆن گەیشتوویت بەم ڕۆژە؟"

هەرچەندە من گەرەنتی ئەوەت ناکەم کە تۆش دەگەیت بە هەمان دەرەنجامی من, بەڵام چەندین کەس,تەنها بە جێبەجێ کردنی ئەو شتانەی من باسم کردوون, پێی گەیشتوون.

با هەندێكيانت پێ بناسێنم:

(دەيڵ سی) تەمەنی ٥٤ ساڵ بوو و تەنها ٥٦ دۆلار لە گيرفانيدا بوو، ئەم كابرايە توانی ١٠ مليۆن دۆلار پێكەوە بنێت تەنها بە جێبەجێ كردنی ئەو خاڵانەی من لێرەدا باسی ئەكەم.

(جارۆدجی) لەسەرەتای ٢٨ ساڵيدا بوو كاتێك دەستی كرد بە جێبەجێ كردنی ئەم خاڵانە. دوای تەنها ٤ ساڵ بوو بە مليۆنەر و سێ سەرچاوەی داهاتی هەبوو.

(دەيڤد ئێف) مانگانە ٨٠ وەرەقە داهاتی بوو، خراپ نييە، بەڵام ئێستا داهاتی مانگانەی ٥ دەفتەرە.

(ديجەی ئێچ) ساڵانە سێ دەفتەر و ٨٠ وەرەقەی پەيدا ئەكرد. بەڵام ئێستا ساڵانە ١٢ دەفتەر و پەنجا وەرەقە پەيدا ئەكات لە ساڵێكدا.

(ڕۆبێرت ئێف) ئەم قسانەی وەك گوارە كردە گوێی. پێشتر لە ساڵێكدا دەفتەر و ٨٠ وەرەقەی پەيدا دەكرد، ئێستا خوا نەيبڕێ لە ساڵێكدا ٣٦ دەفتەر پەيدا دەكات. ئەم گۆڕانكارييە تەنها لە دوو ساڵدا ڕوويدا.

(دایاناسی) تەمەنی ٦٥ساڵ بوو کاتێک کەوتە شوێنی ئەم قسانە و بەقەدەر هەموو تەمەنی پارەی پەیدا کرد.

## بەشی یەکەم

## زەنگین بوون خەونی شاعیرانە نییە

بوون بە ملیۆنەر و ملیاردێر، بە ناشکوری نەبێت، شتێك نییە لە خوێندنگە و زانکۆکاندا بخوێندرێت. بە پێچەوانەوە لای زۆرینەی خەڵك باسی زەنگین بوون بکەیت دەمووچاویان ئەدەن بەیەکا و بە شتێکی خراپ دێتە مێشکیانەوە. تەنانەت خەڵك هەیە زۆر بە توندی دژی ئەو کەسانە دەوەستێتەوە کە هەوڵی زەنگین بوون و سەربەخۆیی دارایی ئەدەن.

شتێکی سەیرە! خوێندنگە فێری خوێندن و نووسینت دەکات. فێری حسابات و بیرکاری و مێژوو جوگرافیات دەکات و فێری ئەوەت دەکات لە تاقیکردنەوەیا دەربچی، بەڵام فێری ئەوەت ناکات چۆن زەنگین ببیت و لە تاقیکردنەوەکانی ژیانتدا دەربچی.لای خەڵکی داماو و ڕەشبین، بابەتی زەنگین بوون زیاتر وەك خەون و خەیاڵ و قسەی ناو فیلم و قومار باس دەکرێت. خەڵکی پێی وایە ئەوەی زەنگین بووە بە شانس زەنگین بووە، یان خاوەنی

بزنس و بازرگانییەكی زەبەلاح بووە، یان كانی ئاڵتوونی هەبووە، یان میراتی بۆ ماوەتەوە، یان پارەی یانسیبی بردووەتەوە، یاریزان بووە، ڕاپەر و هونەرمەند بووە، یان داهێنەر بووە.بەڵام ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە. زەنگین بوون لە هەموو كوچەیەكی ژیانەوە دەكرێت بدۆزرێتەوە. هەر بۆ ئەوەی دڵنیا ببین كە ئەو قسانە بێ بنەمان، ئەم ئامارەتان هەمیشە لەبیربێت: لە هەموو پێنج ملیۆنەرێك چواریان مۆزەفی خەڵكی ترن و كار بۆ كەسانی تر دەكەن. واتە بە هەوڵی خۆیان بوون.

هۆكاری سەرەكی ئەوەی كە زۆرینەی خەڵك ناتوانن زەنگین ببن ئەوەیە، كە ئەو خەڵكە زەنگین بوون بە شتێكی مەحاڵ دادەنێت و پێی وایە هەرگیز ئەو ڕۆژە نایەت كە ئەم تیایدا زەنگین ببێت. خەڵكی قەناعەتی بەو قسەیە هێناوە كە ڕازی ببێت بەو پاروە نانەی كە هەیەتی و سەری خۆی دابخات.

هۆكارێكی تر ئەوەیە كە خەڵك لە پارە تێنەگەشتووە. خەڵكێكی زۆر كەم دەزانن چۆن پارە پەیدا بكەن و

کەسانێکی زۆر کەمتر توانای ئەوەیان هەیە پارە لای خۆیان بهێڵنەوە و تاك و تەرای خەڵك دەزانن چۆن زیادی بکەن. هەر سەیرێکی چواردەورت بکە ڕاستی ئەم قسەیەت بۆ دەردەکەوێت. تەنانەت لە ئەمریکا کە یەکێکە لە زەنگینترین وڵاتانی دونیا, لەسەدا ٧٦ی دانیشتوانەکەی ئەم مانگ بۆ ئەو مانگ چاوەڕوانی مووچەن. لە سەدا ٥٠ی ئەمریکییەکان یەك دینارییان نییە بۆ کاتی خانەنشینی. لە سەدا ٤٧ی خەڵکی ئەمریکا ٤٠٠ دۆلاری حازرییان نییە بۆ کاتی تەنگانە. ئەمە ئەگەر لە وڵاتێکی هەژاردا بوایە قسەیەکی تر بوو بەڵام ئەمریکا بەحساب وڵاتێکی زەنگینە و شانی وایە و باڵی وایە!.

..............................

خەڵکێکی زۆر کەم دەزانن چۆن پارە پەیدا بکەن. کەسانێکی زۆر کەمتر توانای ئەوەیان هەیە پارە لای خۆیان بهێڵنەوە. وە تاك و تەرای خەڵك دەزانن چۆن زیادی بکەن

..............................

هەر تەلەفزیۆنەکەت هەڵکرد, یان برۆ ئینتەرنێت هەزاران ئامۆژگاری بێ بنەمات گوێ لێدەبێت لەسەر پارە. هەمووی قسەی بێ بنەما و سەیر و سەمەرەن. بۆ نموونە: هەموو هونەری زەنگین بوون لای ئەوان ئەوەیە کە شتێك دوو دینار هەرزانتربوو لە دووکانەکەی ئەولا, ئەوە بکڕە. یان هەوای زیاتر بکەرە تایەکەتەوە با درەنگ دابەزێ و پارەت بۆ بگەڕێتەوە. ئەم جۆرە ئامۆژگارییە سەقەتانە وەختە من شێت بکەن. وەڵا ئەگەر لەدەرەوە قاوە نەخۆیتەوە ساڵانە ئەوەندە پارەت بۆ ئەگەڕێتەوە! بەڵێ وا ووتمان بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ هەموو ساڵێك ٧٠٠ دۆلاری قاوەت بۆ گەڕایەوە, دوای پەنجا ساڵ ئەزانی چیت بۆ گەڕایەوە, چی ئەبێ؟ دوای پەنجا ساڵ ئەزانی چیت لێ بەسەر هاتووە؟ دڵنیات دەکەمەوە کە زەنگین نەبوویت, تەنها پیر بوویت و تەواو!

یان دانەیەکی تر هاتووە ئەڵێت: "قەرز مەکەن! قەرز خراپە. ئەگەر قەرز نەکەن لە ڕووی داراییەوە ئازاد دەبن. هەرگیز قەرز نەکەن نازانم ئەگەر چ شتێکیش ڕووبدات." ئەمەش قسەی کۆنە موفلیسێك بوو. ئاخر توخوا ئەوە

ئامۆژگارییـەـ؟ ئـەو بـرادەرە نازانێـت کـە زۆرینـەی زۆری زەنگینەکان ڕۆژێك لە ڕۆژان قەرزداری خەڵك بوون و لـەوێوە دەستیان پێکردووە. یان گوێ لە قسەی یەکێکی تر بگرە، ئامۆژگاریت دەکات کە هەرچی پارەت هەیە بیدەیتە دەست فلان کـەس لـە (بازاڕی دۆلارەکـە) بۆ ئـەوەی ئیشی پێوە بکات بۆت! گوێ لە دایك و باوك ئەگریت هـەر پێت ئـەڵێن ڕۆڵە بخوێنە و ئیشێکی حکومـەت بدۆزەرەوە و خانوویـەك بکڕە و خانەنشین ببە. سەرت دابخە و بەو نانە ڕەقـە ڕازی ببە و سـەیری خـوار خۆت بکـە و دووعا بکـە هیچ شتێکی خراپ ڕوونەدات و وەزعەکەمان لێ تێك نەچێ.

ڕاسـت بڵـێم، مـن هـەرگیز نەمویسـتووە تـەنها بەشی پێویستم هـەبێت و تـەواو. لـە ڕاستیدا هەمیشـە ویستوومە زەنگینتربم. لە کاتێکدا من باوەڕی تەواوم بـە دووعا هەیە، بەڵام هەرگیز پێم وانییە کە پـاڵ بدەمـەوە و خوا حساب و کتـابم بـۆ ببـات بـەڕێوە و خـۆم هـەر لـە ماڵـەوە دابنیشم و چاوەڕوان بم هـەموو شـتێك بـاش ببێـت و وەزعەکـە تێك نەچێ.

من هەر لە تەمەنێکی کەمەوە بۆم دەرکەوت، کە هەموو کاتێک، ئەوانەی کە بڕیارە گەورەکان دەدەن و هەموو شتێکیان بەدەستە، ئەو کەسانەن کە پارەیان هەیە. منیش ویستم کەسێک بم لەوان. من پارەم پەیدا نەکردووە تەنها بۆ ئەوەی پارەم هەبێت و بیخەمە سەریەک، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانم ئەو ژیانە هەڵبژێرم کە خۆم دەمەوێت.

تەمەنم هەشت ساڵان بوو، یادەوەرییەکم لەگەڵ پارە هەیە کە بوو بە یەکەمین ئەزموونم. بیرمە ٢٥ سەنتیەکم لەدەستابوو ئەڕۆیشتم بۆ دووکان. زۆر دڵم خۆش بوو هەستم ئەکرد هەموو دونیا هی منە. لەگەڵ براکەم بووم، دەڕۆیشتم و یاریم بە ٢٥ سەنتیەکە دەکرد. وەڵا لەپڕ لێم کەوتە خوارەوە و تل بۆوە بۆ ناو مەنهۆڵێک. کەوتمە سەر ئەژنۆ و دەستم درێژکرد کە پارەکەم دەرکەمەوە، بەڵام بۆ نەگبەتی دەستم زۆر کورت و بچووک بوو و نەمتوانی دەری بکەمەوە. هەڵسامەوە، جلەکانم تەڕ و پیس بووبوو، لەبەدبەختی خۆم تورەبووم و قورگم پڕبوو لە گریان.

بیرمە چوومەوە بۆلای باوکی ڕەحمەتیم و بابەتەکەم بۆ باسکرد. باوکم پێی وتم "کوڕم, لەمەوە تێبگە کە نابێ یاری بە پارە بکەیت," دواتر باپیرم خوا لێی خۆش بێت, دەستی خستە سەرشانم و ووتی " کێشەکە ئەوە نییە کە تۆ پارەکەت لێ کەوتووە, کێشەکە ئەوەیە ئەوە هەموو سەروەت و سامانی تۆ بوو." لەو کاتەوە تا ئێستا, هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە کە هێندە پارە پەیدا بکەم, کە هیچ کات ڕووداوێکی لەپڕ, نەتوانێت بێ پارەم بکات. وەك چۆن ئەو کاتە ڕووداوێك بێ پارەی کردم.

## بەشی دووەم

## ئامۆژگاری لە کێ وەردەگریت؟

ئەم قسەیە لە مامی خۆتەوە وەربگرە. بۆ ئەوەی ژیانت بگۆڕیت، زۆر گرنگە بزانیت قسە و ئامۆژگاری لە کێ وەردەگریت. بڕۆ بە خەڵک بڵێ کتێبێک ئەخوێنمەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن زەنگین ببیت، دڵنیابە زۆرینەی پێت دەڵێن کە ئەو شتە مەحاڵە و تەنها قسەی کتێبە و ئیسفادەی یەک تووری قوڕاوی نییە. تاقی بکەرەوە! هەر ئێستا تەلەفوون بۆ یەک دوو برادەرت بکە و پێیان بڵێ کە کتێبێک هەیە فێرت دەکات چۆن ببیت بە ملیۆنێر. دڵنیابە یەکێکیان هەر دەڵێت "بە جدیتە؟ وەڵا با شتێکت پێ بڵێم، دڵنیابە ئەوەی لەم بەینەدا دەبێت بە ملیۆنەر، تەنها نووسەری کتێبەکەیە."

ئەزانی کێشەکە ئەوەیە زۆرینەی زۆرمان ئامۆژگاری لە کەسێکەوە وەردەگرین کە خۆی چووەتە سەر ساجی عەلی و دینارێک لە گیرفانیدا نییە. یان خۆیان نەیانتوانیوە لەو

لایەنەوە سەرکەوتوو بن. زۆرینەی ئەوانەی تۆ ئامۆژگارییان لێ وەردەگریت هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان پێیان وا نەبووە کە سەرکەوتنی دارایی کارێکە کە ئەکرێت ڕووبدات و مەحاڵ نییە.

پێویستە وریا بیت و دووربیت لەو ئامۆژگارییە ساویلکانەی لە ماڵەوە دەتکەن, یان لەسەر تەلەفیزیۆن کەسێکیان هێناوە ئامۆژگاری سەیروسەمەرەی خەڵك دەکات. یان ڕاپۆرتێك لەسەر (زەنگین بوون بە ئاسانترین شێوە) و نازانم چوار ووتەی باق و بریقی ئینستەگرام و ئەم شتانە. دوورتر لەوانە بیربکەرەوە. ئەو کاتە بە ڕوونی کۆمەڵێك کەس دەبینیت کە سامانێکی زۆریان پێکەوە ناوە و زەنگینی ڕاستەقینەن. ئەزانی کە دەڵێم "زەنگینی ڕاستەقینە" باسی کێ دەکەم؟ باسی ئەو کەسانە دەکەم کە وەك موگناتیس وان بۆ پارە و سەرکەوتوون. ئەوان وەك جادوو پارە و سەرکەوتن بۆ خۆیان ڕادەکێشن بێ ئەوەی گوێ بدەنە بارودۆخ. هەندێکیان ئەگەر دۆخەکە نەگونجاو بێت باشتر پارە پەیدا دەکەن وەك لەوەی دۆخەکە

ئەمانە ئەو كەسانەن كە پێویستە تۆ ئاگاداری لەباربێت. ژیانیان بیت و گەشتی سەركەوتنت لێوانلێو بێت لەگەڵ ئامۆژگارییەكانی ئەوان.

زۆر وریابە لەوەی كە كێ هەڵدەبژێریت وەك ئامۆژگاریكەر و تەكبیركەرت. هەرگیز ئامۆژگاری لە كەسێكەوە وەرمەگرە كە خۆی دەستی لە دۆخەكە شۆردووە, یان وا خۆی دەردەخات كە زەنگینە و كاسەی پڕە,چونكە جیهان پڕە لەو كەسانەی كە وا خۆیان دەردەخەن زەبەلاحن و لە ناخەوە كۆڵیان داوە و شكستخواردوون.

من ئەمەت پێ ئەڵێم چونكە خۆم لە سەرەتادا زۆرینەی ئامۆژگارییەكانم لەو كەسانەوە وەردەگرت كە لە چواردەورم بوون. ووتە و فەلسەفەكانی ئەوانم وەردەگرت و جێبەجێم دەكردن. من لە چینی ناوەندی كۆمەڵگە پەروەردەبووم. باوكم شەو و ڕۆژی خستبووە سەر یەك بۆ ئەوەی پاروویەكی حەڵاڵ بۆ ئێمە پەیدا بكات. ئیتر ئەوە گەورەترین دەسكەوتی ئەو بوو. باوكم و دایكم هەردووكیان

لە خێزانێکی هەژارەوە لەدایکبوون. باوکی ڕەحمەتیم بەو هەموو ماندووبوونەی، کەمێك هەنگاوی نا و خۆی گەیاندیە چینی ناوەند و دوای ماوەیەکی کەم لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دایکم هیچ سەرەودەرێکی لە پارە نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو بەرپرسیاریەتی بەخێوکردنی ٥ منداڵ بگرێتە ئەستۆ بە تەنها و تۆزێك پارەی خانەنشینی باوکم. دایکی ترساو و بێ ووزەم، هەموو ڕۆژێك دەجەنگا و بەرگری دەکرد بۆ ئەوەی نەمرین لە برسا. هەستم بە بێ هێزی دەکرد کە نەمدەتوانی یارمەتی بدەم، یان با بڵێین پێم وابوو ناتوانم!

تا ئێوارە دایکم سەری زمان و بنی زمانی ئەمەبوو: پارە بەفیڕۆ مەدەن، گلۆپەکان بکوژێننەوە، تەنها ئەوەندە بەکاربهێنە کە پێویستتە، پاشەکەوت بکە، شکوربە بەوەی هەمانە. کاتێك بووم بە ١٦ ساڵ، تەواو بێزاربووم لەو هەموو ترسەی دایکم هەیەتی. جارێك پێم ووت " دایکە! ڕۆژێك دێت زۆر زەنگین دەبم و هیچ کات خەمی نەبوونی پارەم

نابێت. ئەوکاتەش کە زەنگین بووم، یارمەتی نۆرینەی خەڵك دەدەم" دایکم پێی وابوو کە من ناشکوری دەکەم. کاکە من ناشکور نەبووم. بەڵام بێتاقەتی ئەو دۆخەی خۆمان بووم. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ٤٠ساڵی دوای ئەوەم تەرخان کرد بۆ گۆڕینی ژیانی خۆم و کەسانی دیکەش.

••••••••••••••••••••••••••••••

هەرگیز ئامۆژگاری لە کەسێکەوە وەرمەگرە کە خۆی دەستی لە دۆخەکە شۆردووە. یان وا خۆی دەردەخات کە زەنگینە و کاسەی بڕە.

••••••••••••••••••••••••••••••

زەنگین بوون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی نەفرەت لێکراوە. برۆ دەرەوە و بە خەڵك بڵێ دەمەوێ زەنگین بم. وا دەزانن شێت بووین. خۆ ئەگەر زەنگین بوویت و بە خەڵکت ووت کە زەنگینیت، دەڵێن کابرایەکی ڕەزیلی دەستنوقاوی خۆبەزلزانە و ڕۆژمان بەسەرا لێدەدات. کەچی پێیان بڵێ فەقیر و داماویت، کوڵێ بەزەییان پێتدا دێتەوە و

بەقوربان و بەساقەت ئەبن. بەڵام بڵێ زەنگينم، ڕقيان لێتە!

ڕاستيەكە ئەوەيە كە زەنگين بوون نابێت لەناو كۆمەڵگەدا بەو شێوە خراپە باس بكرێت، ئەوە شتێكە كە هەموو كەس دەبێت شانازی پێوە بكات. ساڵی پار زياتر لە ١٠٠ مليۆن دۆلارم بەخشيوە بە پرۆژەی خێرخوازی. ئەمە بۆ خۆدەرخستن باس ناكەم. كاتی واش هەبووە كە نەمتوانيوە دۆلارێك ببەخشم، هێندە بێ پارە بووم.

زەنگين بوون نەك تەنها شتێكی مەحاڵ نييە، بەڵكو هۆكارێكی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بمێنيت و هاوكاری و دەستگيرۆيی كەسانی خۆشەويستی چواردەورت بكەيت. ئێمە لەسەر هەسارەيەكی ئيكۆنۆمی دەژين. ڕۆژانە هەموومان ڕووبەڕوی دۆخی وا دەبينەوە كە نەبوونی پارە سنوورمان بۆ دادەنێت. هەر لە شت كڕينی ڕۆژانەوە بيگرە هەتا خواردن و ژيان و تەندروستی خۆت و مناڵەكانت و دايك و باوكت و خەمی سەردەمی پيريت و ئامادەكاری بۆ كاتی تەنگانە.

••••••••••••••••••••••••••••••••••

زەنگین بوون نابێت لەناو کۆمەڵگەدا بەو شێوە خراپە باس بکرێت. ئەوە شتێکە کە هەموو کەس دەبێت شانازی پێوە بکات.

••••••••••••••••••••••••••••••••••

خەڵکیی زۆر بە هەڵە لە بابەتی پارە تێگەیشتووە. پارە چییە؟ لە کوێوە هاتووە؟ کێ بڕیار لەسەر نرخەکەی دەدات؟ چەندەت هەبێ بەسە؟ چۆن جوڵەی پێوە دەکەیت؟ چەندەت پێویستە بۆ ئەوەی مامەڵەی پێوە بکەیت؟ هەر لێی گەڕێ! خەڵکێکی زۆر هەیە باج دەدات و نازانێ چییە! خەڵك هەیە تەمەنی لە ١٠ ساڵ کەمترە کەچی لە کەسێك زیاتر پارەیان بۆ پاشەکەوت کردووە کە لە زانکۆیە. کە بیر لەم شتانە دەکەیتەوە مێشکت وەختە بتەقێ. ئاخر چۆن منداڵێك کە ڕەش و سپی لە یەك جیا ناکاتەوە دەبێ پارەی زیاتری هەبێت لە کەسێك کە زانکۆی تەواو کردووە؟!

ڕاستیەکە ئەمەیە: زۆرینەی زۆرمان لە پارە تێنەگەیشتووین هەر لە منداڵییەوە. ئێ هەر وایە! تۆ لە

خێزانێکی هەژار یان مامناوەندەوە هاتبێ، هەر بۆچونی ئەوان هەڵدەگریت. هەر گیردەخۆیت بەدەست بۆچوونەکانی ئەوانەوە. دڵنیابن بابەتی پارە ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە زانکۆ و خوێندنگە و ئابوریناس و تەلەفزیۆنەکان باسی دەکەن. کاکە بابەتی پارە زۆر لەوە ئاسانترە کە لێی تێگەیشتوون.

هەر بۆ نموونە: زۆرینەی ئەوانەی کە دەڵێن "پارە دڵخۆشت ناکات" دڵنیابە خۆیان هەرگیز ئەوەندەیان نەبووە کە بزانن ئایا پارە دڵخۆشت دەکات یان نا! ئەم قسەیە، قسەی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بیانوو بهێننەوە و مانایەك بدەن بە بێ پارەیی خۆیان. بۆ نموونە، هەمیشە دایکم دەگەڕا بزانێت لە کوێ داشکاندن هەیە و دینارێك هەرزانترە. ئەوە تاکە مامەڵەی بازرگانیی ئەو بوو. لەو ماوەیەی پێشوودا سەردانی کردم، دوای ئەوەی کە من باروودۆخی دارایم زۆر باش بوو. ڕۆیشتین پێکەوە بۆ دووکانێك و پێم ووت: دایکە شەش دانە لەو میوەیە بهێنە. بیرمە وتی: کوڕم بۆ خاتری خوا زۆر گرانە! لای خۆمان

دانەی دۆلارێك هەرزانترن. منیش پێم ووت: دەی مادام بیکە بە ١٢ دانە, چونکە من بەو ١٢ دۆلارە ئیفلاس ناکەم.

جا دیقەت بدەن, دایکم گیرۆدەی ئەو بۆچوونە کۆنانەی سەردەمی هەژاری بوو, دوای ئەوەی کە پێویستیشی پێی نەمابوو. خەڵك وایە; هەر ئەو شتە دەکەنەوە کە پێشتر کردوویانە, بۆ ئەوەی بژین و هەر لە دەوری بازنە کۆنەکە دەخولێنەوە.

..............................

نۆ لە خێزانێکی هەژاریان مامناوەندەوە هاتبێ. هەر بۆچوونی ئەوان هەڵدەگرێت.

..............................

جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە ئایا پارە دڵخۆشت دەکات؟ من بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم: پارە نە دڵخۆشت دەکات نە خەمبارت دەکات. ڕێکەوتووە من دڵخۆش بووم و جاری واش هەبووە کە بێتاقەت و خەمبار بووم. ڕێکەوتووە پارەم پێ نەبووە و جاری واش هەبووە ملیۆنەر بووم. (پارە) و (دڵخۆشیی) هیچ پەیوەندییەکیان

بەیەکەوە نییە. وە هەر کەسێك پێکەوە باسی کردن، ئەوە دڵنیابە ئەیەوێت بیانوو بهێنێتەوە بۆ بێ پارەیی خۆی. جا لە ئەزموونی خۆمەوە شتێکتان پێ بڵێم، ئەگەر هەر قەرارە خەمبار بیت ئەوا تا ئەتوانیت زەنگین بە و بە زەنگینی خەمباربیت باشترە وەك لەوەی بە هەژاری خەمبار بیت.

گەیشتن بە سەربەخۆیی دارایی، دوو بەشی بە مێشك دەکرێت و بەشێکی بە کردار. بەڵام یەکەم شت پێویستە کار لەسەر بەشەکەی مێشکت بکەیت. مەبەستم ئەوەیە کە لەوانەیە پێویست بکات مێشکت بەتاڵ بکەیتەوە لەهەموو ئەو بۆچوونە کۆنانەی لەگەڵتا گەورەبوون.

ئەم قسەیەی مامی خۆت بگرە گوێ: پارە پەیدا کردن و زەنگین بوون زیاتر بە "هێرش کردن" دەبێت نەك بە "بەرگری کردن"، بە پێچەوانەی ئەوەی کە دایکم فێری دەکردم. من پێم وایە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ترس باشترین ڕێگەیە بۆ نەهێشتنی ترس. بەڵام دەبێت بزانیت کەی بەرەنگاری دەبیتەوە و کەی هەنگاو دەنێیت. لەوانەیە باوکت هەمیشە ئامۆژگاری ئەوەی کردبێت کە دەستت بە

پارەكانتەوە بگریت و بەرگری بكەیت. بەڵام لە ڕاستیدا هونەری زەنگین بوون لەوەدایە كە بە هێرش بردن یاری بكەیت نەك بەرگری(١).

سەروەت و سامان هیچ تەمەن و ڕەگەزێك ناناسێت و گوێ لە چیرۆكەكانت ناگرێت. ڕەحم بە هیچ كەسێك ناكات و هیچ هەست و بەزەییەكی نییە و گوێ بیستی هیچ كەس نییە. شتێك نییە بە ناوی گەنجی و پیری, هەموو كەس دەتوانێت ئەم یارییە بكات بەڵام هەركاتێك كردت بە هێرشكردن یارییبكە.

بۆ ئەوەی لەم یاری زەنگین بوونەدا براوە بیت, دەبێت وەك یاریزانێكی هێرشبەر یاری بكەیت و لە سوچێكدا دەست بە ئەژنۆ دانەنیشیت.

---

(١) مەبەستی نووسەر لە "بەرگری كردن" ئەوەیە كە بەبێ ئامانج پارەكانت پاشەكەوت بكەیت. وە مەبەست لە "هێرشكردن" ئەوەیە كە بڕۆیتە دەرەوە و مامەڵە بكەیت.

خۆ ئەگەر دواتر سەرکەوتوو بوویت و کێشەی پارەت نەما، ئەوا گرفت نییە ئەگەر وەك بەرگریکاریش کار بکەیت. بەڵام ئەوە بزانە بۆ دەستگەیشتن بە زەنگین بوون، نابێ وەك بەرگریکار یان وەك تەماشاکەر دابنیشی، بەڵکو دەبێت هێرشبەر بیت و دەبێت پلان و ستراتیجی باشت هەبێت.

ئەگەر هەر قەرارە خەمبار بیت ئەوا ئەتوانیت زەنگین بەو بە زەنگینی خەمبار بیت باشترە وەك لەوەی بە هەژاری خەمبار بیت.

لە مێژوودا لەمڕۆ ئاسانتر نەبووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو شتانەی بۆم باسکردن. وە لەمڕۆش گرنگتر نەبووە. تەنها لە ساڵی پاردا ٥٠٠,٠٠٠ خێزان لە ئەمریکا بوونەتە ملیۆنەر. تۆ بۆچی نەبیت؟ چی شتێکت لەوان کەمترە؟

من خۆم یەکێکم لەوانەی کە توانیومە ببم بە ملیۆنەر و سەرەودەر لە پارە بکەم. سەدان جار بووم بە ملیۆنەر، بۆ خۆدەرخستن نایڵێم، ئەمەت پێ ئەڵێم بۆ ئەوەی تۆش هان بدەم چونکە دڵنیام دەتوانیت. ئەو سەروەتەی پێکەوەم ناوە بە بۆنەی قوتابخانە و پەروەردەوە نەبووە، چونکە

لەوەیا شکستخواردوو بووم. وە بە بۆنەی پەیوەندی و هاوڕێیەتی و ناسیاویەوە نەبووە, چونکە هەموویم پچڕاندبوو. وە شانس و ناوچەوانیش نەبوو, لەوەتەی هەم ئەو شتانەم نەبووە. وە لە کەسەوە بۆم نەماوەتەوە و هیچ داهێنانێکم نەبووە و هیچ بەرنامەیەکی مۆبایلیشم دروست نەکردووە, تا بیفرۆشمەوەو پێی زەنگین بم.

ئەو کتێبەی تۆ ئێستا دەیخوێنیتەوە هەموو ئەو زانیارییانەی تێدایە کە پێت دەڵێت چۆن ملیۆنان دۆلار بەدەست بهێنیت و زیاتر و زیاتری بکەیت. ئەمتوانی پێت بڵێم کە ئەم کتێبە دەتکات بە ملیاردێریش, بەڵام چونکە خۆم هێشتا نەبوومەتە ملیاردێر, وا ناڵێم. بەڵکو تەنها ئەو شتەت پێ ئەڵێم کە خۆم کردوومە.

**تەنها داوات لێ ئەکەم ٣ شتم بۆ بکەیت:**

- ئەم کتێبە لای خۆت بهێڵەرەوە
- ئەم کتێبە بە هاوڕێکانیشت بناسێنە
- کە بوویت بە ملیۆنەر, هاوکاری هاوڕێکانیشت بکە

## بەشی سێهەم

## هەنگاوی یەكەم

## بڕیاری بوون بە ملیۆنەر

وەك پێشتر بۆم باسكردن، گەورەترین هەڵە ئەوەیە كە خەڵك پێی وایە بوون بە ملیۆنەر خەونی شاعیرانەیە و مەحاڵە. خەڵكی هەژار و داماو ناتوانێت قەناعەت بە مێشكی بهێنێت، كە شتێكی لەو بابەتە گونجاوە. ئەمە ڕەگی دەردی هەژارییە.

كەواتە یەكەمین شت ئەوەیە كە تۆ بڕیار بدەیت ببیت بە ملیۆنەر. ئەبێ هەموو كاتێك بیری خۆتی بخەیتەوە و پاڵ بە خۆتەوە بنێیت. بەڵێن بە خۆت بدە هەر ئێستا و بڵێ "من زۆر زەنگین دەبم و دەبم بە ملیۆنەر". جا بەو بۆنەیەوە، من هەرگیز پێم وانیە بڕیارێكی خراپ دەدەیت. كاتێك بە ملیۆنەرێك دەڵێیت كە دەمەوێ ببم بە ملیۆنەر، دەمووچاو نادات بە یەكدا، بەڵكو دەست دەخاتە سەر

شانت و دەڵێ: زۆر باشە! هەی ئافەرین! دڵنیابە دەتوانیت ببیت. وە دەبێ ببیت و ئەوە ئەرکی سەر شانتە.

ئەوانەی کە سەروەتیان پێکەوە ناوە، دەزانن کە زەنگین بوون کارێکی مەحاڵ نییە و شایەنی ئەوەیە سەرکێشی بۆ بکەین. وە دڵنیابە کە هەموو کەس دەتوانێت بیکات. هەمیشە ئەوەت بیربێت کە سەدا ٨٠ی ملیۆنەرەکانی ئەمڕۆ، ئەوانەن کە خۆیان خۆیان دروست کردووە. واتە یەک دیناریان بۆ نەماوەتەوە لە باووباپیرانیانەوە.

••••••••••••••••••••••••••••••••

بەڵێن بە خۆت بدە هەر ئێستا و بڵێ

"من زۆر زەنگین دەبم و دەبم بە ملیۆنەر"

••••••••••••••••••••••••••••••••

پێش ئەوەی مێشکت پێت بڵێ" نامەوێ زەنگین بم، یان تەنها ئەوەندەم بەسە کە دڵخۆش بم و تەواو" ئەوا دوو خاڵی زۆر گرنگ بزانە:

١) زەنگین بوونی تۆ، تەنها لەبەرخاتری خۆت نییە.

٢) ئەگەر لە ڕووی داراییەوە سنووردار بیت، تواناکانیشت سنووردارن.

زۆرمان لەسەر ئەوە ڕاهاتووين كە سەرداخەين و ڕازی ببين بە شتە سەرەتاييەكانی ژيانمان، وەك جل و شوێنی مانەوە و هۆكاری هاتوچۆ و ئيشێك و هەندێك پارەی پاشەكەوت. ئەم شێوازی ژيانە، پێی ئەڵێن ژيانی چينی مامناوەند. چينی مامناوەند بۆ ئەوانەيە كە تەنها دەيانەوێت نەمری و نەژی بژين و هەوڵی زياتر نەدەن. ( ژيانی چينی مامناوەند زۆر خۆپەرستانەيە). كاتێك داهاتەكەت ديارێكراوە، ناتوانيت هاوكاری خەڵكی چواردەورت بكەيت، چونكە ئەوەی هەتە تەنها بەشی خۆت دەكات.

بەشێكی تری بابەتەكە پەيوەستە بەو خۆ بەكەمزانيەی خۆتەوە. من دڵنيام تۆ دەتوانی زياتر لەوە بكەيت كە ئێستا دەيكەيت. كەواتە بۆ دەست بە ئەژنۆ دانيشتوويت؟ مامی خۆت، لە هەموو ژيانيدا ئەو هەستەی هەبووە كە دڵنيا بووم دەتوانم زياتر بكەم و زياتر بەدەستبهێنم، زياتر پێكەوەبنێم، زياتر ببەخشم، يارمەتی خەڵكی زياتر بدەم. جا هەتا لەو هەستەم دووربكەومەوە نائارامتر دەبم و هەتا گوێڕايەڵی بم دڵخۆشترم.

با کەمێک قوڵتر قسە بکەین: تەنها لەبەرئەوەی کەسێکی شارنشین زیاتری دەستدەکەوێت لە کابرایەکی لادێ نشینی دوورە دەست، واتای ئەوە نییە کە ژیانی زۆر باشتر ئەگوزەرێت. مەبەستم ئەوەیە کاتێک پێت ئەڵێن "بەس نییە کارەبا و ئینتەرنێت و ئاو و مۆبایلت هەیە" ئەوە تەنها بیانویەکە دەیهێننەوە بۆ ئەوەی شەرعیت بدەن بەو ژیانەی ئێستایان. بەلای منەوە، نەبوونی پارەی پێویست، شتێکی ئەوپەڕی بێمانایە. چۆن دەبێت هێندە بێدەسەلات بیت، نەتوانی ئەوەی پێویستتە دابینی بکەیت. برادەرێک جارێک لێی پرسیم "گەمژەیی چ واتایەکی هەیە لای تۆ؟" منیش پێم ووت "بەلای منەوە نەبوونی پارەی پێویست، گەمژەییە." بەلای منەوە ئەوە خۆ هەڵخەڵەتاندنە کاتێک دەڵێت هەر ئەوەندەت هەبێت کە ئاسوودەبیت و دڵت خۆشبێت یان شتێک لە خەڵک زیاترت هەبێت. ئەوە بیانوو هێنانەوە و شەرعاندنی دۆخی ئێستاتە. ئەوە سیاسیەکان و میدیایە، کە ژیانی چینی ناوەندی لا جوان کردوویت و نایانەوێ زیاتر هەوڵ بدەیت. ئەوان دەیانەوێت سەر

دابخەيت و باج بدەيت و خۆت زۆر بە باشتر لەوانە بزانيت كە بەقەدەر تۆيان نييە.

من بۆ تۆمە! بەقسەی من بكە و ئێستا بڕياری بوون بە مليۆنەر بدە و هەرچی بۆچوون و فكرەی كۆنی چەقبەستووی چينی ناوەند هەيە لە مێشكتدا بيانسڕەوە. دڵنيابە خەونی خانوويەكی خۆش و مەكتەبێكی ڕاقی و سەيارە و پارەی خانەنشينی لەچاو زەنگين بووندا هيچ نييە!

يەكەم هەنگاوی بوون بە مليۆنەر پێويستی بەوەيە كە مێشكی سەردەمی چينی ناوەند فڕێ بدەيت و دەست بدەيتە هەڵگرتنی مێشكی مليۆنەر. ئەو فكرە بخەرە تەنەكە خۆڵەكەوە كە پێت دەڵێت سەرت داخە و ڕازی بە بەو دۆخەی ئێستا و پارەكانت مەخە مەترسييەوە. لە مێژوودا هيچ كات وەك ئێستا زەنگين بوون ئاسان نەبووە. بەڵام دڵنيابە ئەگەر بە مێشكی كۆنەوە لێی بڕوانيت, ئەوا هێشتا مەحاڵە. پارەيەكی زۆر لەم جيهانەدا هەيە و چەندين ڕێگە هەيە بۆ

بەدەستهێنانی, بەڵام ئەگەر مێشکت نەگۆڕیت بەدەستهێنانی زەحمەتە.

لەوانەیە زۆر کەس لەم قسەیەدا هاوڕام نەبێت, بەڵام ملیۆنەرەکانی ئێستا بوون بە چینی ناوەند. چەندەها ملیۆنەرمان هەیە کێشەی داراییان هەیە. بۆیە زەنگینی تەواو لای من ئەوەیە کە ملیۆنە دۆلارەکەی دە قات و ٢٠ قات و ١٠٠ قات زیاد دەکات.

................................................

یەکەم هەنگاوی بوون بە ملیۆنەر پێویستی بەوەیە کە مێشکی سەردەمی چینی ناوەند فڕێ بدەیت و دەست بدەیتە هەڵگرتنی مێشکی ملیۆنەر

................................................

من پلانێکم هەیە ناووم ناوە پلانی ١٠ قات(١٠X). پلانی ١٠ قات بەکاربهێنە. هەموو بەیانیەك و شەوێك بیری خۆتی بهێنەرەوە کە تۆ دەبیتە مەڵتی ملیۆنەر. هەر ئێستا ئەو بڕیارە بدە "من زۆر زۆر زۆر زەنگین دەبم و لەو

پرۆسەیەشدا یارمەتی خەڵکێکی زۆر زۆر دەدەم" هەرکاتێك گومانت بۆ دروست بوو، ئەم کتێبە خنجیلانەیە دەرکە و جارێکی تر بیخوێنەرەوە، سیقە بە تەواوی ووشەکانی ناو ئەم نامیلکەیە بکە، چونکە خۆم بەو ڕێگەیەدا تێپەڕبووم. من دەتوانم بتگەیەنمە شوێنی خۆت.

ئاساییە ئەگەر سیقەی تەواوت بەخۆت نەبێت لەم قۆناغەدا، بەڵکو سیقەی خۆت ببەخشە بە کەسێك کە پێشتر بەو ڕێگەیەدا گوزەری کردووە. منیش وابووم کاتێك یەکەمجار دەستم پێکرد، سیقەی خۆم بەخشییە ئەو کەسانەی پێش من ئەو ڕێگەیەیان بڕیبوو، چونکە من خۆم هێشتا سیقەم بەخۆم نەبوو.

## بەشی چوارەم

## هەنگاوی دووەم

## حساباتی بوون بە مليۆنەر

قۆناغی دووەم ئەوەیە كە حساب و كتابی بوون بە مليۆنەر بزانيت. جارێكی تريش پێت دەڵێمەوە كە زۆرينەی خەڵك ئەتوانن ببن بە مليۆنەر، ئەگەر خۆيان بيانەوێ. هەر بۆ نموونە ئەگەر بتوانی ساڵانە تەنها ٥ دەفتەر پەيدا بكەيت، ئەوا دوای ٢٠ ساڵ تۆ مليۆنەريت.

جا وەك پێشتر باسم كرد، بۆ ئەوەی لە هەر ئامانجێكی ژيانت نزيك بيتەوە، سەرەتا ئەبێ باوەڕت بەوە هەبێت كە شتێكی مەحاڵ نييە و ئەتوانيت بيكەيت. ئەمەش لەڕێگەی ئەوەوە دەبێت كە حساباتێكی بۆ بكەيت، بۆ ئەوەی بزانيت چەند ڕێگە هەيە بۆ بوون بە مليۆنەر. تۆ دەتوانيت هەموو ڕێگاكان بگريتەبەر. شەرت نييە تەنها يەك ڕێگە هەڵبژێريت. ئامانجی ئەمەش بۆ ئەوەيە كە ڕێگە بۆخۆت ئاسانتر بكەيت. جا بۆ ئەوەی ئاسانتر تێبگەن، با نمونەی ئەوەتان

بۆ بهێنمەوە کە چۆن دەتوانیت یەک ملیۆن قەڵەم کۆبکەیتەوە:

یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە پرسیار بکەیت ئایا یەک ملیۆن قەڵەم لەسەر زەوی بوونی هەیە؟ ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ" بوو، دوای ئەوە ئەبێت بزانیت ئەو ملیۆن دانەیە لای کێ دەستدەکەوێت؟. دواتر پرسیار دەکەیت کە دەبێت چی بکەیت بۆ ئەوەی هەموویان کۆبکەیتەوە؟ حساباتێکی بۆ بکە و ڕێسایەک بۆ خۆت دابنێ.

دوای ئەوەی کە حساباتەکەت کرد، ئەم جارەش پێت دەڵێمەوە کە هەمووکات بیری خۆتی بخەرەوە کە دەتوانیت بیکەیت و شتێکی مەحاڵ نییە و خۆتی بۆ تەرخان بکە. زەنگین بوون تەنها پێویستی بە چەند حساباتێکی سەرەتایی ئاسان هەیە و هەرچی کەسی زەنگینیشە هەر وات پێ دەڵێت.

لەگەڵ ژن و مێردێک ئیشم دەکرد و باسی ئەمەم بۆ کردن، پیاوەکە بە ژنەکەی وت: تۆ سەیرکە ئێمە چەند نابەرپرسانە هەڵسوکەوتمان کردووە، تا ئێستا نەمانتوانیوە

ئەم حساباتە بۆ خۆمان بکەین! ژنەکەش دەیووت: ئەم هەموو ڕێگەیە هەیە کەچی ئێمە نەمانکردووە, هەمووی هەر ئەمەیە, ئەم حساباتە بکە و دواتر ڕێسا و ستراتیجەکان خۆی دێت بە دوایدا.

لێرەدا چەند ڕێگەیەکت بۆ باس دەکەم بۆ بوون بە ملیۆنەر

- ئەگەر ساڵی ٥ دەفتەر پەیدا بکەیت, بە ٢٠ ساڵ دەبیت بە ملیۆنەر.
- ئەگەر ساڵی ١٠ دەفتەر پەیدا بکەیت, بە ١٠ ساڵ دەبیت بە ملیۆنەر.
- ئەگەر ساڵی ٢٥ دەفتەر پەیدا بکەیت, بە ٤ ساڵ دەبیت بە ملیۆنەر.
- ئەگەر سەعاتی ١١٤ دۆلارت دەسبکەوێت, لە یەك ساڵدا بە ملیۆنەر.
- ٥ هەزار کەس شتێکی ٢٠٠ دۆلاریت لێبکڕن.
- ئەگەر ٢ هەزار کەس شتێکی ٥٠٠ دۆلاریت لێبکڕن.

- ئەگەر ١٠ هەزار كەس شتێكی ١٠٠ دۆلاريت لێبكڕن.
- هەزار كەس شتێكی هەزار دۆلاريت لێبكڕن.
- ئەگەر ٥ هەزار كەس مانگانە ١٧ دۆلارت بدەنێ بۆ ماوەی يەك ساڵ.
- دوو هەزار كەس مانگی ٤٢ دۆلارت بدەنێ بۆ ماوەی ١٢ مانگ.
- هەزار كەس مانگی ٨٤ دۆلارت بدەنێ بۆ ماوەی يەك ساڵ,
- ٥٠٠ كەس مانگی ١٦٧ دۆلارت بدەنێ بۆ ماوەی ساڵێك.
- ٣٠٠ كەس مانگانە ٢٧٨ دۆلارت بدەنێ بۆ ماوەی ١٢ مانگ.

ئەمانە تەنها چەند نموونەيەكن و هەزاران ڕێگەی تر هەيە. ئەم نموونانە بۆ جوڵاندنی مێشكی تۆيە و لێرەوە ئەركی تۆ دەستپێدەكات.

## بەشی پێنجەم
## هەنگاوی سێهەم
## داهاتەکەت زیاتر بکە

کاتێک حساباتەکەت کرد و بۆت دەرکەوت کە شتێکی مەحاڵ نییە زەنگین ببیت, ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لەوە بکەیتەوە کە سەرچاوەی داهاتەکەت زیاتر بکەیت. سەرەتا دەبێت ئامانجێک بۆ خۆت دابنێیت و دواتر دەستبەکاربیت. هەموو شتێک بکە بۆ ئەوەی بگەیت بەو ئامانجەی داتناوە. وە سەرەتا بەم زیادکردنی داهاتە دەست پێبکە.

کاتێک تەمەنم ٢٥ساڵان بوو, دەمناڵاند بەدەست ئیشێکەوە کە مانگی ٣٠ وەرەقەم وەردەگرت. بیرم کردەوە کە ناکرێ هەتاهەتایە ئاوا خۆم هەڵخەڵەتێنم. بۆیە بڕیارمدا کار لەسەر زیادکردنی داهاتەکەم بکەم. هاتم یەکەم ئامانج کە بۆ خۆمم دانا ئەوەبوو کە دەبێت ٣٠ وەرەقەی تر پەیدا بکەم لە یەک مانگدا. حساباتم بۆ کرد دەیکردە هەفتەی

٧٥٠$ يان ١٠٠ دۆلار لە ڕۆژێكدا, يان سەعاتی ١٠ دۆلاری ديكە, وەلاّ كاتێكم زانی شتەكە بوو بەڕاست.

هەڵبەتە وازم لە ئيشەكەم نەهێنا هەرچەندە زۆر حەزم لە ئيشەكەم نەبوو, بەلاّم لە ڕێگەی ئيشەكەمەوە هەوڵمدا فێربم چۆن داهاتەكەم زياتر بكەم. لە مانگی يەكەمدا ئامانجەكەی خۆمم تێپەڕاند و توانيم ٧٠ وەرەقە پەيدا بكەم بۆ يەكەم جار لە ژيانمدا. دەمتوانی ساڵی ٨ دەفتەر و ٤٠ وەرەقە پەيدا بكەم ئەگەر بەردەوام بوومايە. بۆيە بەردەوام بووم و تەركيزم خستە سەر زيادكردنی داهاتەكەم. لە ساڵی يەكەممدا توانيم بگەمە ١٠ دەفتەر, بۆ گەنجێكی ٢٦ ساڵ خراپ نييە! شاگەشكە بووبووم لە خۆشيا, بۆم دەركەوت چەندە گرنگە لەوە تێبگەيت كە زيادكردنی داهات هەم بڕوا بەخۆبوون زياددەكات و هەم ئەگەر و ئيحتيمالەكان زياتر دەكات.

جا ئەم قسەيەش لە مامی خۆتەوە وەرگرە و وەك گوارە بيكە گوێت: كاتێك واز لە بۆڵەبۆڵ دەهێنيت و دەستدەكەيت بە كار و ئيشكردن لەسەر زيادكردنی داهات,

بۆت دەردەکەوێت کە پارە چەندخێرا دێت بەرەو پیرت .
پارە ڕوو ئەکاتە ئەو کەسانەی کە زۆرترین گرنگی پێ دەدەن و بەرپرسیاریەتی دەگرنە ئەستۆ.

کاتێك بۆڵەبۆڵ و گلەییم لە بەختی خۆم دەکرد، هیچ کات پارە ڕووی نەدەکردە من. تۆ دیقەت بدە، زۆرینەی ئەوانەی بۆڵەبۆڵیانە دەربارەی پارە، ئەوانەن کە خاوەنی هیچ نین و فلس لە گیرفانیاندا نییە. تۆ لەوانە مەبە. ئەگەر ئیشەکەت ئەوەیە کە شت بفرۆشیت، ئێستا باش بزانە کە دەبێ هەوڵ بدەیت زیاتر بفرۆشیت. وە ئەگەر ئیشەکەت فرۆشتن نییە، ئەبێ بیر لە ڕێگەیەکی گونجاو بکەیتەوە بۆ زیادکردنی داهاتەکەت. مەڵێ ناتوانم، ئەوە درۆیە! هەموو کەسێك دەتوانێت داهات زیادبکات.

••••••••••••••••••••••••••••••

پارە ڕوو ئەکاتە ئەو کەسانەی کە زۆرترین گرنگی پێ دەدەن و بەرپرسیاریەتی دەگرنە ئەستۆ.

••••••••••••••••••••••••••••••

هەمیشە ڕێگەیەک هەیە، هەرهیچت دەستنەکەوت بڕۆ
ماڵەوە بزانە چی شتێکت هەیە و پێویستت نییە بڕۆ
بیفرۆشە. گوێ مەدە بەوەی کە چەندە نرخیان کەمە و
چەندە بێ بەهان. تۆ بەس بیانفرۆشە و بۆخۆتی بسەلمێنە
کە هەمیشە دەتوانیت داهات زیاتر بکەیت. ئەگەر هەرهیچ
نەما بیفرۆشیت، بڕۆ بۆ ماڵی برا و خوشك و کەسوکارت و
هەرچیان هەبوو لێیان زیاد بوو وە بەکەڵکیان نەدەهات، بڕۆ
بیفرۆشە و داهاتی پێ زیاد بکە. دەتوانیت بڕۆیت دوای
ئیشەکەی خۆت ئیشی تر بکەیت. بڕۆ بۆ چێشتخانە و مێز
پاك بکەرەوە، منداڵ بۆ خەڵك بەخێو بکە، لە دەورەیەك و
کۆرسێکدا زمان فێری خەڵك بکە، تەکسیەك بگێڕە،
هەرچیەك هەیە بە ڕێگەی یاسایی بیکە و بەس داهاتی پێ
زیاتر بکە.

جارێك خێزانێك داوای ئەوەیان لێکردم ببم بە ڕێبەریان
بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ئابوورییەی ئێستا تیایدا بوون.
پێشنیاری ئەوەم بۆ کردن کە هەندێك شمەکی خۆیان
بفرۆشن، کابرای خاوەنماڵ ووتی ئەوە لە ئێمە

ناوەشێتەوە! منیش پێم ووتن ئەوەی لە ئێوە ناوەشێتەوە ئەوەیە کە ئەم مووچە بۆ ئەو مووچە چاوەڕوانبن و هەرگیز دەستان نەگات بە سامانی خۆتان.

بە ئاشکرا جیاوازیەکە دەبینیت. کابرای بێ پارە هەر ئەڕوات و بۆڵەی دێت. لەکاتێکدا کەسی زەنگین بەرپرسیاریەتی دەگرێتە ئەستۆ و کاردەکات. ئەگەر پارەت دەوێت، ئەبێت واز لە بۆڵە و گریان و نازومەکر و خۆبەزلزانی و ناوبانگ بهێنیت و دەستبەکاربیت. دەبێت هەموو ئەو ڕێگە گونجاوانە بگریتەبەر کە دەتگەیەنن بەوەی دەتەوێت. گلەیی کردن و نازومەکر و بیانوو هێنانەوە داهاتی تۆ زیاد ناکات. وەرە و خۆت ساغ بکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی سامان. بە ڕەوشتبە لە هەوڵەکاندا و کۆڵ مەدە هەتا بەدەستی دەهێنیت. ئەوە نەبوونی پارەیە دەتبات بەرەو کاری خراپ.

کاتێك تەواو خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت ئینجا ئەوکاتە ڕێگە دەدۆزیتەوە. من هیچ کات پێت ناڵێم بە ڕێگەیەك کە نایاسایی و نا ئەخلاقی بێت. هەر بۆ نموونە وەرە پاوێژکاریم

بۆ بکە لەسەر کۆمپانیایەکی خۆم و من پارەت ئەدەمێ. هەر ڕاوێژکارییەکت کرد لەسەر بەرهەمەکانی ئۆنلاینمان، لە زانکۆی کاردۆن. هەرکاتێك بەرهەمەکە فرۆشرا من ٥٠٠ دۆلارت بۆ ئەنێرم. هەموو هەفتەیەك دانەیەکم بۆ بنێرە و من سالآنە ٢ دەفتەر و ٦٠ وەرەقەت بۆ دەنێرم. هەفتەی سێ دانەم بۆ بنێرە و منیش کۆتایی سالێ ٧ دەفتەر و ٨٠ وەرەقەی ترت بۆ ئەنێرم لە پاداشتی ڕاوێژکارییەکانتا. ڕێگای ٢٠ سالت بۆ بوون بە ملیۆنەر بۆ کورت دەکەمەوە بۆ ٨ سالێ. بیری لێ بکەرەوە و حسابات بکە، ١٢ سالم بۆ کەم کردوویتەوە، هێشتا ئەڵێیت ئەمە لە من ناوەشێتەوە و زەنگین بوون بۆ من نابێت؟

https://cardoneuniversity.com/

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەزاران ڕێگە هەیە کە لە ڕێگەی موبایل و ئینتەرنێتەوە پارە پەیدا بکەیت و داهات زیاتر بکەیت. هەر لە فرۆشتنی ئۆنلاینەوە بیگرە هەتا هەڵەچنی کتێب و دروستکردنی ڤیدیۆ و

پرۆگرام و کارکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی بازاڕی ڕایەڵەیی (نێتوۆرک مارکێتینگ) و هەزارانی دیکە. هەر بەو بۆنەیەوە، هەموو کەس پێویستە کاری بازارگەری ڕایەڵەیی بکات، هەر ئەوەندەی کە لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێک کاردەکەیت کە وەک خۆت هەوڵ دەدەن و بۆچوونتان لە یەک نزیکە، خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی گەورەیە.

ئینجا هەرکاتێک توانیت داهات زیاتر بکەیت، بەردەوام بە لە زیادکردن هەتا ئەوەی کە بەشێوەیەکی بڵاو داهاتەکەت زیادی کردووە و داهات ڕووت تێدەکات. داهات ئەوکاتە ڕووت تێدەکات کە توانا و بەهرەکانت زیاد کردووە و پەرەت پێداون و وەبەرهێنانی خۆتت کردووە. بیرمە کاتێک بۆ یەکەمجار مانگی ١٠ دەفتەرم پەیداکرد خەریکبوو ئەفریم لە خۆشیدا. هەرگیز باوەڕم وانەبوو کە دەتوانم لە مانگێکدا ١٠ دەفتەر پەیدا بکەم. ئەمە ئەوەیە کە دەڵێم داهات ڕووت تێدەکات و توانا و باوەڕ بەخۆبوونت زیاد

دەکات. بیرمە کە توانیم ئەو پارەیە پەیدا بکەم، ئاستی باوەڕ بەخۆبوونم فڕیبوو!

بەردەوام بووم لە زیادکردنی تواناکانم و حساباتکردنەکە و زیادکردنی داهاتەکەم هەتا گەیشتم بەو ڕۆژەی کە ١٠ دەفتەرم لە ڕۆژێکدا پەیدا دەکرد و دواتر گەیشتم بەوەی ١٠ دەفتەر لە کاتژمێرێکدا پەیدا بکەم.

دەبوو هەمیشە کار لەسەر ئەو زیادکردنی داهاتە بکەم، بۆ ئەوەی ڕۆژێک خەونەکەم ببێتە ڕاستی. جا گرنگ نییە چەند کەس پێت بڵێ "تەنها بیر بکەرەوە و زەنگین بە"، تەنها بە بیرکردنەوە هیچ ناگۆڕێت و (زیادکردنی داهات) خاڵێکە کە ناتوانین بیپەڕێنین و کۆڵەکەیەکی گەورەی کارەکەیە.

بە دڵنیاییەوە هیچ کەسێک ناتوانێت زەنگین ببێت، ئەگەر کار لەسەر زیادکردنی داهات نەکات. جا یان لە ڕێگەی وەبەرهێنێکەوە ئەم کارە دەکەین یان لە ڕێگەی فرۆشتنی بەرهەمێکەوە یان لە ڕێگەی هەردووکیانەوە. بۆیە دڵنیابن لەوەی کە هەنگاوە سەرەتاکانی پێکەوەنانی

سەروەت و زەنگین بوون تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە زیادکردنی داهاتەوە. پێش ئەوەی بیر لە پاشەکەوت کردن بکەیتەوە.

بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان وایە دەبێت خاوەنی بزنسی خۆت بیت بۆ ئەوەی زەنگین بیت، ئەوە ڕاست نییە. لە ڕاستیدا لە هەر ٤ ملیۆنەرێك سێ دانەیان کارمەندن و ئیش بۆ خەڵکی تر دەکەن. بۆ ئەوەی داهات وەك شەپۆل ڕووت تێبکات، دەبێت خۆت بزنسەکە بیت نەك بزنس دابمەزرێنیت. وە بەهای بزنسەکەت بەستراوەتەوە بەوەی کە خودی خۆت چۆن دەتوانیت داهات زیاتر بکەیت و شتێك پارەی زیاتر بخەیتە سەر حسابەکە. کچەکانم کە یەکێکیان ٤ ساڵە و یەکێکیان ٧ ساڵ، هەریەکەیان دەتوانێت بەو بەهایەی کە خۆیان هەیانە داهات پەیدا بکەن. نە پێویستیان بە بزنس پلانە و نە هیچ. ئەوان خۆیان خودی خۆیان بزنسن. جا ئەڵێ قسە قسە ئەهێنێ، مندالەکانم لە زیاتر لە ٥٠٪ ی دانیشتوانی ئەمریکا پارەی خۆیان هەیە.

# بەشی شەشەم

## هەنگاوی چوارەم

## پارەی من لەلای کێیە؟

هەرکاتێك توانیت لەمە تێبگەیت، بۆت دەردەکەوێت کە شتێکی زۆر سادە و ساکار و سەرسوڕهێنەر و زیرەکانەیە. تەنها ئە پرسیارە لە خۆت بکە "ئەو پارەیەی من دەمەوێت لای کێ دەستدەکەوێت؟" خەڵك هەیە برنسی خۆی دادەمەزرێنێت و پلانی بۆ دەنووسێت بێ ئەوەی ئەم پرسیارە لەخۆی بکات.

لیستێك دروست بکە و ناوی ئەو کەسانەی تیا بنووسە کە پێت وایە ئەو پارەیەیان لایە کە تۆ دەتەوێت. ئەها لە یەکەمەوە باسی ئەوەم بۆ کردن کە ئەگەر بتەوێت یەك ملیۆن قەڵەم کۆبکەیتەوە، ئەبێت پرسیار لەخۆت بکەیت کە یەك ملیۆن قەڵەم لەکوێ دەستدەکەوێت و لای کێ هەیە؟ بۆ پارەش وایە، دەبێت بیربکەیتەوە کە ئەو پارەیەی تۆ دەتەوێت لای کێ هەیە؟ پاشان بیر لەوە بکەرەوە کە ئەوان

چیان پێویستە کە تۆ بتوانی پێیان ببەخشی لە بەرامبەر ئەو پارەیەدا. ئایا ئەو شتەی تۆ هەتە خزمەتگوزارییەکە؟ بەرهەمێکە؟ بیرۆکەیەکە؟ تەنها بیر لەوە بکەرەوە کە کێ پارەکەی لایە؟ تۆ پێویستت بەوە نییە پارەکە کۆ بکەیتەوە، تەنها پێویستت بە کەسانێکە کە پێش تۆ پارەکەیان کۆکردوەتەوە. تۆ ئەبێت بیر لە شتێک بکەیتەوە کە ئەوان پێویستیانە (بیرۆکە)، وە بیگۆڕیتەوە بە شتێک کە تۆ پێویستە (پارە).

هەرچی کاتت هەیە تەرخانی بکە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لیستەکەتدا بونیان هەیە. تەواو مێشکت تەرخان بکە بۆ ئەو هەنگاوە و بیر لەوە بکەرەوە کە ئەوان چی شتێکیان پێویستە و تۆ دەتوانیت دابینی بکەیت.

کاتێک لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا یەکەم کۆمپانیای خۆمم دامەزراند. هەموو کاتەکانم بۆ ئەو کەسانە تەرخان کردبوو کە بەرهەمەکانی منیان دەکڕی و تەنانەت یەک خولەکیشم بۆ ئەوانە دانەنابوو کە سوود ناگەیەنن پێم. لەم دواییانەدا لەگەڵ (ئێلینا)ی خێزانم لە کۆنفرانسێک بووین. پێش

کۆنفڕانسەکە بیرم هێنایەوە و پێم ووت" ئێلینا, تەنها ٦ کەس هەیە لەم کۆنفڕانسە کە پێویستە خۆمانیان لێ نزیك بکەینەوە". یان کاتێك لەگەڵ ستافەکەم دەڕۆین بەرەو شوێنێك, پێش ئەوە پێیان دەڵێم "برادەران, لەگەڵ هەموو کەس ڕووتان خۆش بێت, بەڵام تەنها ئیشمان بەوانەیە ئەو پارەیەیان لایە کە ئێمە پێویستمانە".

ئەمە دەبێت خاڵی گرنگی تۆ بێت, ئەگەر وانەکەیت, کاتەکەت بەفیڕۆ دەڕوات لەگەڵ کەسانێك کە هیچ خزمەت بە بزنسەکەت و بیرۆکەکەت ناکەن.

ئێستا لەوانەیە لە چاوی تۆدا من کابرایەکی خۆپەرستی خراپی چاوچنۆك بم, توخوا وانییە؟ باشە,کێشە نییە, بەڵام ئەو کاتەی نانی ئێوارەمان خوارد و حسابەکە عایدی من بوو, ئەوسا کەس پێم ناڵێ خراپی خۆپەرستی چاوچنۆك. کاتێك قەرزیان پێویست بوو و هانایان بۆ من هێنا و دەستم نەنا بە ڕوویانەوە, کەس پێم ناڵێ خراپ. ئەو کاتە سوپاسم ئەکەیت کە کابرایەك بووم تەرکیزم لەسەر ئیشەکەی

خۆم بووە. ئەمە یەکێکە لە ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەکان, کاتێك دەتەوێت زەنگین بیت, شوێن پارە بکەوە. ئەگەر هەموو کاتەکانت لەگەڵ ئەوانە بەسەرببەیت کە ناتوانن دینارێکت بۆ پەیدا بکەن, خۆشت دەبیت بە یەکێك لەوانە. "پارەی من لای کێیە؟" یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت.

لە کۆنەوە وتراوە, هەتا زیاتر هاوکاری خەڵك بکەیت, زیاتر پەیدا دەکەیت. ئەگەر دەتەوێت ببیت بە ملیاردێر, ئەوا یارمەتی ملیارێك کەس بدە. باشەخۆ ئەو کەسانەی کە هاوکاریان پێویستە, زۆربەیان ئەوانەن کە پارەیان پێ نییە. کەواتە پێویستیان بەوە هەیە کە تۆ پارەت پێ بێت و هاوکاریان بکەیت و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزیتەوە . کەواتە ڕێگەیەك بدۆزەرەوە کە بتوانیت یارمەتی ملیارێك کەس بدەیت, دڵنیابە زۆر زیاتر لە ملیارێك دێتەوە دەستت. شتێکی بەنرختر لە پارەت دەکەوێتە دەست ئەویش سەرمایەی ڕاستەقینەیە, هاوڕێیە, پشتگرییە,

خۆشەویستی و ڕێزێکی جیهانییە. بەڵام با قسەکە ڕوون بێت، تۆ ناتوانیت هاوکاری ملیارێک خەڵك بکەیت ئەگەر پارەت نەبێت، وایە؟

هەمیشە لەخۆت بپرسە ئەو پارەیەی من دەمەوێت لای کێیە؟ هەمان ئەو پرسیارە بکە و بیکەرەوە هەتا وەڵامەکەیت دەستدەکەوێت. کاتێك تەواو خۆت بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد، پارە خۆی وەك لەزگە پێتەوە دەلکێت و لێت نابێتەوە. ئەگەر تۆ لەو کەسانەیت کە بەینت لەگەڵ خەڵکی باش نییە و خۆت بە موهیم دێتە بەر چاو یان شەرمنیت، ئەبێت زاڵ بیت بەسەر ئەوەدا. بیری خۆت بخەرەوە کە حەزناکەیت بێ پارە بیت. کاتێك خەونەکانت گەورە بوون ئیتر ناچیت بیانووی بێمانا بۆخۆت بدۆزیتەوە.

........................

ئەگەر هەموو کاتەکانت لەگەڵ ئەوانە بەسەر ببەیت کە ناتوانن دینارێکت بۆ پەیدا بکەن. خۆشت دەبێت بە یەکێك لەوانە.

........................

بەتەما نەبیت لە ماڵەوە لە ژووری میوانەکەت یان گەراجەکەتاندا زەنگین بیت. هەموو ئەوانەی کە ئێستا ملیۆنەرن و ڕۆژێک لەناو گەراجدا دەستیان پێ کردووە، بەڵام بەوە زەنگین بوون کە گەراجەکەیان بەجێ هێشت و توانیان بیرۆکەکەیان بگەیەننە دنیای دەرەوە.

لە درێژەی ڕێگەی زەنگین بوونمدا، لە سفرەوە هەتا گەیشتم بەوەی کە ٥ ملیۆن دۆلار لە حساب بانکیەکەمدا هەبێت، هەمیشە بیرم لای ئەوە بووە کە "کێ ئەو پارەیەی لایە کە من دەمهەوێت؟" بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق. ساڵانە ٣٠٠ ڕۆژی ڕێک شارە و شارم دەکرد و دەرگام دەکوتا و دەگەڕام بەدوای ئەوانەدا کە ئەو پارەیەیان لایە و دەتوانن پارە بدەن بە بیرۆکەکانم. من بیرۆکەم لابوو ئەوانیش پارە. ڕقم لە دەقە بە دەقەی بوو! هەرگیز حەزم لێی نەبووە، بەڵام هێشتا دەبوو هەموو بەیانیەک زوو هەستم و دەستبەکاربم. هەزاران چاوپێکەوتنم ڕێکخستووە لە ئەمریکا و کەنەدا و دینارێکم وەرنەگرتووە. لەسەر ئەرکی خۆم و گیرفانی خۆم هاتووچۆم دەکرد و کارم لەسەر ئەوە

دەکرد کە خۆم بناسێنم و بچمە بەرچاوی ئەو کەسانەی کە ئەو پارەیەیان لایە و دەتوانن بابەتەکانی من بکڕن و منیش داهات زیاد بکەم.

(مارك کوبان)ی ملیاردێر دەڵێت" باشترین شت لە هەر بزنسێکدا فێری ببیت توانای (فرۆشتن)ە. ئەوەش لە ڕێگەی ئەوەوە سوودی دەبێت کە بزانیت "کێ ئەو پارەیەی لایە کە تۆ دەتهەوێت."

هەرکاتێك توانیت ئەو لیستە دروست بکەیت، پاشان دەبێت فێربیت کە چۆن بیرۆکەکەتیان پێ بفرۆشیتەوە. منیش لەوەدا هاوکارت دەبم لە Cardoneuniversity.com . تۆ جارێ لیستەکە دروست بکە و بزانە کێ ئەو پارەیەی لایە.

ئەگەر کێشەی پارەت هەیە، ئەوا بزانە تۆ کاتەکانت لەگەڵ کەسانێك بەسەردەبەیت کە سوودت پێ ناگەیەنن و یاسای "کێ ئەو پارەیەی لایە؟" جێبەجێ ناکەیت. پارە بەشی هەموو گۆی زەوی هەیە، بۆیە بزانە ئەگەر تۆ کێشەی پارەت هەیە ئەوا کێشەکە لە تۆدایە. ئەو کاتەی تەرخانی

دەکەیت بۆ " کێ ئەو پارەیەی لایە؟" هەمیشە هەمیشە هەمیشە پارە دەهێنێت بەدوای خۆیدا.

خۆ ئەگەر دەڕۆیتە بەردەم ئەوانەی پارەیان لایە و بەڵام بە دەستبەتاڵی دەگەڕێیتەوە ،ئەوا پێویستە سەردانی ماڵپەڕی Cardoneuniversity.com بکەیت بۆ ئەوەی فێرت بکەین چۆن بەرامبەرەکەت قایل دەکەیت. من لەوێ هاوکارتم و ئەو کێشانەت بۆ چارەسەر دەکەم. بەڵام سەرەتا دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆت بکەیت: کێ ئەو پارەیەی لایە کە تۆ دەتەوێت؟

## بەشی حەوتەم

## هەنگاوی پێنجەم

## با گیرفانت بەتاڵ بێ

کاتێك لە پرۆسەی زیادکردنی داهاتداین، هەوڵ بدە با هەمیشە گیرفان بەتاڵ بیت و پارەت پێ نەبێت. جوان بیخوێنەرەوە، ووتم گیرفان بەتاڵ بێت، نەمووت هەژار بە.

من یاسایەکی ژیانی خۆمم هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئێستا کە مێشکی پارەناسم باش کاردەکات، هیچ کات پارەی خەوتووم نییە. واتە پارەم نییە دامنابێت و هیچ کارێکی پێوە نەکەم. بەڵام سەرەتا کاتێك دەستم کرد بە زیادکردنی داهاتەکەم، هەموو پارە زیادەکانم کردە شوێنێکەوە کە دەستم پێی نەگات. هەتا بتوانم بۆ پرۆژەیەك کۆی بکەمەوە و سوودی لێ وەربگرم.

کاتێك دەسم کرد بە پرۆسەکە، ڕۆیشتم بۆلای خاوەنی کارەکەم و داوام لێکرد کە لە سەدا ٤٠ی (داهاتی کۆمەڵایەتی)م بۆ بخاتە سەر حیسابی شەخسی. ووتی ناتوانم و ناکرێ و نابێ شتی وا بکەم. منیش پێم ووت: ئەی

بۆچی بۆ ئەوانەی ئەکەیت کە باج کۆدەکەنەوە؟ فەرقی من و ئەوان چییە؟ کەواتە بۆ منیشی بکە. بەم شێوەیە سێ هەژمارم هەبوو کە پارەم تیادا دادەنا و هەرگیز نەمهێشتووە پارەم بڕوات بۆ سندووقی خانەنشینی.

بیرمە یەکەمجار گوێم لە (مایکڵ دۆگلاس) بوو لە فیلمی The Wolf of Wall street دەیووت "پارە هەرگیز ناخەوێ" منیش بەخۆمم دەوت "ڕاستە ناخەوێ, بەڵام وەڕس دەبێت". ئەزانی مەبەستم چییە؟ من خۆم بینیومە لە کەسانی ترەوە کە پارەیان داناوە و ئیشیان پێوە نەکردووە, بەڵام وردە وردە بەفیڕۆیان داوە و خەرجیان کردووە و خواردوویانە. من خۆمباش خۆمم دەناسی. دەمزانی کە ئەگەر پارەم پێ بێ دەیخۆم. بۆیە هەرچیم هەبوو دەمکردە ئەو جێگایانەوە کە ئاسان دەستم پێی نەدەگەیشتەوە. هەتا لە داهاتوودا توانیم وەبەرهێنانی گەورەی پێ بکەم و بوونە مایەی خێر و بەرەکەت.

ئەمەی بۆتان باس ئەکەم تەمەنی ٢٦ساڵانم بوو. لەوێوە ملی ڕێگەم گرت بەرەو یەکەمین کاری خۆم. پاشان

هەر ئەو پارانە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ کاری دووەمم. هەروەها بۆ دانانی کۆمپانیای کڕینی موڵك زۆر سوودم لێ وەرگرت. بەڵام سوودی گەورەی ئەم گیرفان بەتاڵییە ئەوەبوو کە هەتا بمتوانیایە زیاتر کارم دەکرد و هەوڵم دەدا.

مانگی وا هەبووە کە ئەوەندەم پارە پەیدا کردبوو کە لە ژیانم ئەوەندەم بەخۆمەوە نەدیبوو، بەڵام هێشتا خەرجم نەدەکرد و دەمخستە ئەو جێگایانەوە کە دەستم پێی نەدەگەیشت. ئەوەندە گیرفان بەتاڵ بووم کە مەجبوور بووم قسە لەگەڵ خاوەنی خانووەکەمدا بکەم بۆ ئەوەی کرێکەم بۆ دوا بخات. ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کە هەموو کەس ئەیزانی وەزعم باشە، بەڵام هێشتا گیرفان بەتاڵ بووم. خۆی ڕاستە گیرفانم بەتاڵ بوو، بەڵام هەژار نەبووم، ئەوە پلانی خۆم بوو.

ئەم گیرفان بەتاڵییە وای لێدەکردم کە ڕێگەی پەیداکردنی پارەی زیاتر بدۆزمەوە. زۆر کەسم بینیوە کە پارەی باشیان هەبووە، بەڵام وازیان لە هەوڵدان هێناوە و وردە وردە هاتوونەتە دواوە. گیرفان بەتاڵیم وای

لێدەكردم كە هەميشە لە هەوڵی زياتردا بم , هەرچەندە گەيشتبووم بە نانی خۆم.

مرۆڤ كاتێك پێويستی بە شتێك دەبێت, مێشكی زۆر باش ئيش دەكات بۆ دۆزينەوەی ڕێگەی تازە. ئەگەر ژيانی ئەوانە بخوێنيتەوە كە لە ڕووی دارايیەوە سەركەوتوون و سەيری ژيانی ئەوانەش بكەيت كە هەژارن, شتی سەير دەبينيت. ئەوانەی سەركەوتوون بە شێوەيەك كاردەكەن وەك ئەوەی دينارێكيان نەبێت, كەچی ئەوانەی كە بەڕاستی پێويستيان بە پارەيە وەك خانەدان پاڵيان لێ داوەتەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دەبينم خەڵك هەيە خۆی زۆر زەنگين نيشان ئەدات, كەچی هيچ لە هەگبەيدا نييە. منيش وەك ئەوەی نان نەبێ بيخۆم هەوڵ دەدەم و خۆم بەرەو پێش دەبەم. هەردووكمان خۆمان هەڵدەخەڵەتێنين و تەمسيل دەكەين, بەڵام بە دەرەنجامی جياوازەوە و دوو پاشەڕۆژی جياواز چاوەڕوانمانە.

من سی ساڵ وا خۆم هەڵخەڵەتاند و كاتێك چاوم كردەوە ئەوەندەم پارە هەبوو كە بە هەموو ژيانم بۆم خەرج

نەدەکرا. هەموو بەیانیەک لە خەو هەڵدەستم و هەوڵ دەدەم بگەم بە ئاستێکی باشتر، بەشی ئەوە لە دوونیا تێگەیشتووم کە زۆر ئاساییە لە پڕێکدا شتێک ڕوودەدات و هەرچی هەیە و نییە بیخاتە ژێر مەترسییەوە.

ئەمە بۆ تۆش ڕاستە: بیرۆکەیەک + ئازایانە قۆڵی لێ هەڵماڵێت و کاری لەسەر بکەیت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ + دانانی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی خۆت، هەمیشە یەکسانە بە سەرکەوتن. ئەو ڕۆژە هەر دێت کە زۆر زەنگین دەبیت و هیچ شتێک ناتوانێت شوێن پێت لەق بکات، بەڵام دەبێت کاری بۆ بکەیت. فکرە و بیرۆکە شتێکی باشە هەبێت، بەڵام هیچ مانایەکی نییە بەبێ ئەوەی یەک بگرێ لەگەڵ کاری جددی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ + خۆ ڕێکخستن.

بیرۆکە + کاری جددی + کات + خود ڕێکخستن = سەرکەوتن

لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا یەکەم بیرۆکەم خستە بواری جێبەجێکردنەوە. زۆر جدیانە کارم لەسەر دەکرد هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ. جوان یاسا و ڕێسام بۆخۆم دانابوو. ئەم هاوکێشەیە ڕێگەی بۆ

سەرکەوتنم خۆشکردوو بووە هۆی ئەوەی شتێك پارە لابدەم. پاشان ئەو تۆزە پارەیەم دووقات کرد. هەمیشە کارکردن بە جددی و دانانی یاسایەك بۆ خەرجکردنی پارە و تەرخان کردنی کات دەتگەیەنێت بە سەرکەوتن.

هەمیشە کارم دەکرد و پارەم لادەدا و یەك دیناریشم لەو پارانە خەرج نەدەکرد کە پاشەکەوتم کردبوون. بەمە دەڵێن یاسا و خود ڕێکخستن. پاشان ئەو پارەیەی کە پاشەکەوتم کردبوو دەرمهێنا و بزنسێك و چەندین سەرچاوەی تری داهاتم خستە سەر پێی خۆی.

لە تەمەنی ٢٥ هەتا ٥١, نە مەشروب و خواردنەوەی کحولی, نە حەفلە و ئاهەنگ و گەڕان, نە کەش و فش و خۆدەرخستن و خۆ بادان, نە ئۆتومبێلی کەشخە, تەنها کاتژمێرێکم لە دەستدا بوو و بێ هیچ گەشت و سەیرانێك کارم دەکرد. بێ ئەوەی بزانم بزنسی دووەمم چی دەبێت و چی کارێك دەکەم, هەمیشە لە مێشکمدابوو و دەمزانی کە گەشە دەکەم و سەرچاوەی زیاتر بنیات دەنێم.

گیرفان بەتاڵ بە, بەڵام هەژار نا. ئەمڕۆ خۆت گۆشەگیر بکە, تا سبەی ئازاد و سەربەخۆ بیت و دەست لەکەس پان

نەکەیتەوە. یان فەلسەفیانە بیڵێم "ئەمڕۆ نرخی زەنگین بوون بدە, تا سبەی بتوانی نرخی هەمووکالآیەك بدەیت"

شتێکی سەیرتان بۆ باس بکەم, ئەوە جارێك کوڕێك لێی پرسیم کە بۆچی هێشتا ئەوەندە هەوڵ دەدەم؟ ئێ منیش نەمویست بڕۆمە قوڵایی مەوزوعەکەوە و بابەتە ئابوورییەکانی بۆ باس بکەم, بۆیە تەنها ووتم کاکە ئیشەکەمم خۆش دەوێت و پێم خۆشە هەمیشە لەناویدا بم. پاشان دەستی کرد بە قسەی قۆڕ و بێ بنەما و دەیووت: کوڕە مامە ئەوەی ناوێت فشەیە و خۆ هەر یەك جار دەژین و دنیا مردنە و ئەم قسانە. پاشان زیاتر ڕۆیشت و وتی: هیچ کات ناتبینم لە ئاهەنگ و حەفلە و جەوی کافتریا دا. منیش وەرس بووم لە قسەکانی و وتم: تۆ هەرگیز نامبینیت لە ئاهەنگدا و منیش هەرگیز تۆ نابینم لە بانك دا.

**بەشی هەشتەم**

**هەنگاوی شەشەم**

**پارەکانت بێ هۆ زیندانی مەکە, پاشەکەوت بکە بۆ ئەوەی ئیشی پێوە بکەیت**

تاکە هۆکار بۆ ئەوەی پاشەکەوت بکەیت, ئەوەیە ڕۆژێك بتوانی ئیش بەو پارەیە بکەیت. وە ئیش کردن بە پارەوە تاکە ڕێگەیە بۆ زەنگین بوون. من بەمندالّی وا پەروەردەکرابووم کە دەبێ پارە پاشەکەوت بکەیت بۆ ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان و کاتی خانەنشینی و پیری. بەلاّم هەموو ئەو کتێبانەی خوێندومنەتەوە لەسەر کەسانی زەنگین, باس لەوە دەکەن کە پارە دەبێت ئیشی پێوە بکەیت,نەك بەبێ هۆ هەر پاشەکەوت بکەیت و بیخەیتە سەر یەك.

لەتەمەنی ٢٦ سالّیەوە من پارەم پاشەکەوت دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم ڕۆژێك ئیشی پێوە بکەم, نەك بۆ ئەوەی لە ڕۆژی تەنگانە و لێقەوماندا بەکاری بهێنم. یەکەم کاری خۆم لە ٣١ سالّیدا دامەزراند, دوای ئەوەی کە شەش سالّ بوو پارەم بۆ کۆدەکردەوە و وەك ماتۆڕ شەو و ڕۆژ کارم دەکرد.

جارێک برادەرێک دوای سیمینارێکم هات و پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کە بتوانم سیمینارەکانم لە شوێنی ئیش و فەرمانگەکان پێشکەش بکەم. واتە بڕۆمە کۆمپانیاکان و لەناو کۆمپانیاکەدا سیمینار بکەم. منیش پێم ووت بیرۆکەکەت جوانە، من ٥ دەفتەرت دەدەمێ و تۆ بڕۆ بیکە. بەڵام بەو مەرجەی لە ٩٠ ڕۆژدا بمدەیتەوە. من هەقی کۆرسەکانم پارەت لێ وەردەگرم، بڕێکی قازانجیشم دەوێت. بەڵام ئەگەر نەتوانی لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا بمدەیتەوە، ئەوە تا ماویت چاوت بە دینارێکی من ناکەوێت. ئەو کاتە بیرمە پارەیەکی کەمم پێ بوو، بەڵام پیشەی سەرەکیم قسەکردن و سیمینار بوو. ناوبانگێکی باشی پەیداکردبوو وە لە گەشەسەندندا بوو.

بیرۆکەکەم بەدڵ بوو چونکە دەکرا ئاسان بیبەستمەوە بە کاری یەکەممەوە، مەبەستم ئەوەیە کە پێویستی نەدەکرد چاوم لەسەر کاری یەکەمم لاببەم و بڕۆم بەلای کاری دووەمەوە. بە پێچەوانەوە دەکرا کاری یەکەمم بخەمە خزمەت کاری دووەمەوە. کابرا لەکاتی خۆیدا پارەکەی

دامەوە و ئەو کارەش لە ساڵی یەکەمدا هێندەی کاری یەکەمم پارەی بۆ پەیدا دەکردم. ئەمەیە پێی دەڵێم هەنگاوی بەرەوپێش چوون و بازی گەورە.

کۆمپانیای سێهەمم دووساڵ دوای کۆمپانیای دووەم دامەزراند. ئەوکات تەمەنم ٣٥ ساڵان بوو و ماوەی ٦ ساڵ بوو زانیاریم لەسەر مووڵک و زەوی و زار کۆ دەکردەوە, ئەودەم وابزانم سەیری سەدان هەزار بینا و شوقەم کردبوو و غیرەتی ئەوەم نەبوو بیکرم. بەڵام دواجار ناوی خوام لێهێنا و دەستم پێکرد.

لەیەکەم کارمدا بینایەکم بەرچاو کەوت کە ٤٨ یەکەی نیشتەجێ بوون و ئۆفیسی تێدابوو و داوای ١.٩٥ ملیۆن دۆلاری لێدەکرد و ٣٥ دەفتەر پێشەکی. ئەو پارەیە یەک لەسەر سێی داهاتەکەی من بوو, شەش ساڵ بوو چاووم وورد دەکردەوە بۆ شوێنێکی ئاوا. بۆیە یەکسەر بەڵێننامەمان مۆرکرد و کریم. مانگانە پارەیەکی زۆرباشی بۆ دەهێنام. دوای نزیکەی ٣ مانگ جێگەیەکی تریشم دۆزییەوە

لە كاليفۆرنيا كە ٣٨ يەكەی تێدابوو و دوای ٢ مليۆن دۆلاری لێدەكرد. دوای سێ ساڵ هەردووكيانم بە ٥ مليۆن فرۆشت دوای ئەوەی كە ساڵانە ١٠ دەفتەرم سوود لێوەرگرتبوو لە كرێ وەرگرتن.

هەشت ساڵ ماندويی و شەونخوونی، هەشت ساڵ پارە كۆكردنەوە بۆ ئەوە بوو كە بتوانم ڕۆژێك ئيشی ئاوا گەورە بكەم. ئەوە يەكەمجارم بوو لەيەك مامەڵەدا باسی مليۆنە دۆلار بكەم و ئەو مامەڵەيەش ٥ مليۆن دۆلاريی بوو. ڕاستی مەسەلەكەش ئەوەبوو كە ساڵەها من خۆم ڕێكخست و زانياريم كۆكردەوە و ئازايەتيم بنيات نا بۆ ئەوەی هەلەكان بقۆزمەوە. ئەم شتە هەروا بە شانس و ناوچەوان درووست نەبووە. زۆرينەی خەڵك ناتوانن هەلەكان بقۆزنەوە، چونكە ڕۆژێك لە ڕۆژان پارەيەكی بۆ كۆنەكردووەتەوە و زانياريان لەسەر بابەتەكە نييە و غيرەتيان نەبووە هەنگاو بنێن.

خەڵك ناتوانن پارووی گەورە چنگ بخەن چونكە بەشی ئەوە ئازايەتيان نييە كە هەنگاوی گەورە بنێن. كەسانی

خاوەن سەرمایە هەنگاوی گەورە دەنێن و پاداشتی گەورە وەردەگرنەوە.

بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە گەورانە بنێیت، ئەبێ سەرەتا پاشەكەوتێكی باشت بۆ كردبێت و باوەڕت بەخۆت هەبێت. كاتێك پارەت هەیە و دەزانیت هەلێكی باش هەیە، چاوەڕوانی چیت؟ مەوەستە و بڕۆ بۆی، هێز لە خێراییدایە. لەم كاتەدا دەبێت پارە نووستووەكانت بەخەبەربهێنیت. لەم كاتەدا دەبێت باوەڕی تەواوت بەخۆت هەبێت و سەرچاوەیەكی تری داهاتت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر دنیا بوو شكستت هێنا و سەركەوتوو نەبوویت، یان درەنگ پارەكەت بەدەست گەیشتەوە، ئەوا نەكەویت و داهاتەكانی ترت بۆت قەرەبوو بكەنەوە.

........................................

خەڵك ناتوانن پارووی گەورە جنگ بخەن.
چونكە بەشی ئەوە ئازایەتیان نییە كە هەنگاوی گەورە بنێن

........................................

جاری وا هەیە ساڵ تێپەڕ دەبێت من هیچ ئیشێكی تازە ناكەم. تەنها چاوم لەسەر ئیشەكەی ئێستامە و بیر لەوە

دەکەمەوە چۆن پەرەی پێ بدەم. من قومار بە پارەکەم ناکەم، دەبێت زانیاری تەواوم لەسەر کارەکە هەبێت و دڵنیابم لەو کارەی کە دەیکەم. دادەنیشم حساباتی بۆ دەکەم و لێکی دەدەمەوە کە خراپترین حاڵەت چییە؟ ئەگەر لە خراپترین دۆخدا هەر توانیم پارەی پێ پەیدا بکەم، ئەوسا دەیکەم. خۆ هەروا گاڵتە نییە! وە کاتێک دەستم پێ کرد، ئامادەم هەرچیم پاشەکەوت کردووە بیخەمە ناوی. بەڵام هەمیشە خەیاڵم لای ئەوەیە کە داهاتێکی تر هەبێت کە خۆم و ماڵ و منداڵم نەخەمە مەترسیەوە و ئەو داهاتە پاڵپشتمان بێت.

ساڵی پار لەجیاتی ئەوەی پارە بخەمە ئیشی خانووبەرەوە، هەستام تەیارەیەکی جێتی Gulfstream٢٠٠ م کڕی. لەوکاتەدا بازاڕی خانووبەرە زۆربەرز بوو، دوای ئەوەی حساباتم بۆ کرد ئەقڵم نەیدەبڕی لێکردم زیاتر هەوڵ بدەم. ئەو تەیارەیەم بۆیە کڕی، چونکە کە تەیارەکەم کڕی، دووبارە گیرفانم بەتاڵ بووەوە و وای کات گرنگە لەلام و زووتر دەمگەیەنێتە شوێنی خۆم و

بەردەم کڕیارەکانم. وە هاوکارمە لەوەی کە پیشەکەی ئێستام زیاتر گەشە پێبدەم و داهاتی زیاتر پەیدا بکەم.

پرسیار لە کێ دەکەیت بیکە. پێت دەڵێ خراپە پارە بدەیت بە جێت (فڕۆکەی کەسی). بڕۆ بە ژمێریارەکەت بڵێ، یەکسەر دەڵێ پارەکەی بەفیڕۆ ڕۆیشتووە، کەچی سەیردەکەیت خۆشیان ناتوانن بیکڕن .بەڵام بڕۆ لە کەسێک بپرسە کە خۆی (جێت)ی هەبێت، پێت دەڵێت "هیچ کەس ناتوانێ لە گرنگی جێت تێبگات، هەتا ئەوکاتەی نرخی کاتیان بۆ دەرئەکەوێت"

هەر لە ساڵی یەکەمدا توانیم پارەی جێتەکە دەرکەمەوە چونکە بە زووترین کات دەیگەیاندمە بەردەم کڕیار و گوێگرەکانم بۆیە هەمیشە ئەم یاسایە دەڵێمەوە: پارە پاشەکەوت بکە، بۆ ئەوەی کە دەرفەتێک هاتە پێش بتوانی ئازایانە بیقۆزیتەوە.

## بەشی نۆیەم

### هەنگاوی حەوتەم

## چەندین سەرچاوەی داهات

خەڵکی هەژار ئیشەکانیان دەگۆڕن و سەرچاوەی داهاتیان دەگۆڕن، بەڵام کەسانی زەنگین سەرچاوەی داهات زیاد دەکەن. زیادکرنی سەرچاوەی داهات بەردی بناغەی زەنگین بوونە. کاتێك ٢٥ساڵان بووم کێشەی گەورەم ئەوەبوو کە نەمدەتوانی بەشی پێویست پارە پەیدا بکەم، بەڵام ئێستا نزیکەی ٥٠ سەرچاوەی داهاتم هەیە لە ڕێگەی ٥ کۆمپانیاوە بەدەستم دەگات. ئەمە جگە لە چەند سەرچاوەیەکی تری پشکسازی و کاری دیکە کە مایەی ئاماژە پێکردن نییە.

هەندێك لەو ٥٠ سەرچاوەیە هی یەکەم کاری خۆمە کە تا ئێستاش هەر لە کاردایە. هەندێکیان پارەیەکی کەم دەهێنن و هەندێکیان وەك بارانی بەهار پارەم بەسەردا دەڕێژن. هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز کات و تەرکیزی ئەوێت. هەندێکیان پێویستی بە دنیایەك ووزە هەیە و هەندێکیان لەلاوە خۆی پارە پەیدا دەکات و منی ناوێت. ڕێزی هەموویان

دەگرم و هەموویانم خۆش دەوێت و لە بەهای هیچیان کەم ناکەمەوە .بۆڵەبۆڵ و بە کەم سەیرکردنی ئیش, هیچ کات نابێتە هۆی ئەوەی پارەی زیاتر پەیدا بکەیت.

گەورەترین هەڵەی خەڵك ئەوەیە کاتێك ئیشی دووەم دادەمەزرێنێت, بەتەواوی واز لەوەی یەکەم دەهێنێت. یان هەڵەیەکی تر ئەوەیە کە ئیشی یەکەم و دووهەمی هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نییە, ئەمەش وادەکات نەتوانێت تەرکیز بخاتە سەر هەردووکیان.

ئامۆژگاری من ئەوەیە کاتێك ئیشی دووەمت دادەمەزرێنیت, هەمیشە با ئیشێك بێت کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئیشی یەکەم. وە هیچ کات هیچیان فەرامۆش مەکە.

بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە کۆمپانیایەك کاردەکەیت و دەتەوێت سەرچاوەیەکی تری داهات دابمەزرێنی, ئەوا هەوڵ بدە ئیشێك بێت کە بەجۆرێك بەسترابێتەوە بە ئیشەی ئێستاتەوە. یان بەجۆرێك بێت کە لەوکاتەی لە کۆمپانیاکە کاردەکەیت بتوانی چاوت لێی بێت و لەناویدا بێت.

•••••••••••••••••••••••••••••••

بۆلەبۆل و ناشکوری و بەکەم سەیرکردنی ئیش، هیچ کات نابێتە هۆی ئەوەی پارەی زیاتر پەیدا بکەیت.

•••••••••••••••••••••••••••••••

زۆربەی خەڵك ئیشێك دادەمەزرێنێت کە دوورە لە ئیشی یەکەمیانەوە. ماوەیەك زۆر دڵیان پێی خۆشە و ئیشی یەکەمی بۆ فەرامۆش دەکەن. کاتێك ئاوڕ دەدەنەوە سەرچاوەی داهاتەکەیان هەر یەك ئیشە و زیادی نەکردووە پاشان بۆیان دەردەکەوێت کە ئیشی دووەمیان ئەو پارەیەیان بۆ پەیدا ناکات کە ئەمان چاوەڕوانی بوون. بۆیە کاتێك ئیشی دووەمت دامەزراند، بەهیچ شێوەیەك ئیشی یەکەم فەرامۆش مەکە. بۆ نموونە کارێکی بازاڕی ڕایەڵەیی ( نێتۆرك مارکێتینگ) ئەکەیت، هەوڵ بدە با ببێتە تەواوکەری ئەو کارەی کە ئێستا دەیکەیت هەتا ئەو ڕۆژەی کە بەجۆرێك ڕەگ دادەکوتێت کە بە هیچ شێوەیەك ناڕوخێت و کەسێکی تر دەتوانێت بۆت ببات بەڕێوە. دەتوانیت

کارەکەی یەکەمت بناسێنی بەو کەسانەی کە لە گروپی (نێتۆرك مارکێتینگ) لەگەڵتانن و بەم شێوەیە بە یەك تیر دوو نیشانە دەشکێنیت.

لە ئۆفیسەکەی خۆم کەسێکمان لایە بەناوی ڕۆبێرت، ئەم کوڕە لای من بە مووچەی چوار دەفتەر و نیو کاری دەکرد لە ساڵێکدا. گوێی بۆ قسەکانی من شل کرد و دەستی کرد بە وەرگرتنی عموولە و ئەم کارەش ساڵانە ٩ دەفتەری بۆ پەیدا دەکرد. پاشان بیری لە سەرچاوەی سێهەم کردەوە و عەقدی کاری ڕیکلامی GrantcardonTv.comی وەرگرت و ئەمەش ساڵانە چواردەفتەر و نیوی تری بۆ پەیدا ئەکرد. من ئەمەم زۆر پێ باشە و پێی دەڵێم کاری هەماهەنگ، چونکە هەموو ئیشەکان پەیوەستن بەیەکەوە. نەچوو لەدەرەوەی ئیشی خۆی بەدوای کاردا بگەڕێت، بەڵکو هەر لەناو ئیشەکەی خۆیدا سەرچاوەی دووهەم و سێهەمی دانا. وە لەهەمان کاتدا لە هەرسێکیەوە پارەی بۆ دێت و ئەگەر کاتی بەتاڵیشی هەبێت دایدەنێت بۆ بەرەوپێش بردنی تواناکانی

خۆی، بۆ ئەوەی زیرەکتر و چاوکراوەتر بێت و بەردەوام بێت لە هەنگاونان و فراوانکردنی تواناکانی.

هەرگیز چاوت لەکاری یەکەمت دوورمەخەرەوە، مەگەر ڕۆژێك نەبێت کە تەواو چووبێتە سەر پێی خۆت و بەهیچ شێوەیەك نەڕووخێیت. تەنانەت ئەوکاتەش دەبێت زۆر زیاتر بیربکەیتەوە نەکا بچووکترین ئەگەر مابێت، کە وابکات سەرچاوەی یەکەمت لەدەست بچێ. گرنگ نییە چەندە بچووکە، هەمیشە با لەسەر پێ وەستابێت و نەکەوێت.

ئەم قسەیە بۆ کڕیارەکانیشت ڕاستە. هەرگیز پشت مەکەرە کڕیارەکانت و ئەوکەسانەت بیرنەچێت کە تۆیان گەیاند بەم ڕۆژە. ئەکرێت هەندێك کات هەبێت پێویستت بە وازهێنان هەبێت لە هەندێك شت، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆر دەگمەنە.

کاتێك ئیشی فرۆشتنی ئۆتومبێلم دەکرد، سەیرم کرد گیرفانم تەواو بەتاڵ بووەتەوە، بۆیە زوو بیرم لە سەرچاوەیەکی تری داهات کردەوە کە لەناو هەمان ئیشدا

بێت و بتوانم هەم کارئاسانی بۆ دەڵاڵەکان بکەم و هەم بۆ کڕیارەکانم. فێری ئەوە بووم کە چۆن ئۆتومبێل بە قەرز و قیست بدەم، هەم بەڕێوبەری کارەکان، هەم دەڵاڵەکان و هەم کڕیارەکانیش براوە بوون و خزمەتی تەواو کرابوون لەلایەن ئەم مامەی خۆتانەوە. بەمەش هەم پارەیەکی زیاترم بەدەست هێنا و هەم نرخ و بەهای خۆمم زیادکرد بۆ کۆمپانیا و بۆ کڕیارەکانم و بۆ خۆشم.

هیچ شتێک بەقەدەر ئەوە باوەڕبەخۆبوونت بۆ دروست ناکات کە چەندین سەرچاوەی داهاتت هەبێت. برادەرم هەیە ملیاردێرە، بەڵام هاتووە پارەی خستۆتە ئیشی منەوە. بیرمە لە ماوەیەی پێشوودا حسابەکەیم کرد تەنها ٩٠ وەرەقە قازانجی کردبوو. بۆم نارد و تولەفونێکی بۆ کردم وتی: "گرانت، سوپاس بۆ ئەو بڕە پارە خنجیلانەیە، دەستخۆش". سەیرە ها! ٩٠ وەرەقەم بۆ نارد و کابرا خۆی خاوەنی ٣,٤٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلارە، کەچی دەستخۆشی لێ کرم و بە کەم سەیری نەکرد.

بۆ ئەوەی چەندین سەرچاوەی داهاتت هەبێت، پێویستت بەوەیە کە بۆی تەرخان بیت. بەتایبەت ئەوەی کە دەبێت زاڵ ببیت بەسەر خۆت و بەسەر کات و پارەکانتدا. لەوانەیە ئەمە بەلای تۆوە قسەیەکی زۆر سادە و ساکاربێت و پێت وابێت شتەکە بەو دوو وشە ئاسانە نابێت. بەڵام دڵنیابە هیچ ئاڵۆزیەکی تێدا نییە و من ساڵەهایە ئاوا ئیشی خۆم دەکەم.

سەرەتا تا دەتوانیت داهات زیاد بکە و پاشان پارەکانت بخە ئیشێکەوە کە هەماهەنگە لەگەڵ ئیشەکەی یەکەمتدا. پارە زیادەکانت پاشەکەوت بکە تا ئەو ڕۆژە دێت کە بتوانی ئیشی پێوە بکەیت. بزانە پارەکانت لە چیدا خەرج دەکەیت و دڵنیا ببەوە لەوەی کە یاری و قومار ناکەیت بە پارەکانتەوە و لە ئەنجامەکەی دڵنیایت. دەبێت ئەم ئیشە تازەیە داهاتی تازەت بۆ بەدەست بخات و ئەو پارانەش ئیشی ترت بۆ بکەن. هەتا ئەگاتە ئەو ڕۆژەی کە بەبێ بوونی تۆش پارەکانت هەر لەزیادبووندایە. لەکاتێکدا هێشتا وازت لە ئیشی یەکەمت نەهێناوە.

ئەمانە بکە هەتا ئەو ڕۆژەی کە جێی خۆت دەگریت و هەرکاتێك و بۆ هەرشوێنێك بتەوێ دەڕۆیت. لەم کارە بەردەوامبە هەتا ئەبیت بەو برادەرەی کە یەك ملیۆن دۆلاری بەخشیە کارە خێرخوازیەکەی ئەو شەوە.

بەشی دەیەم

هەنگاوی هەشتەم

ئەمانە بکە هەتا ئەو ڕۆژەی کە جێی خۆت دەگریت و هەرکاتێك و بۆ هەرشوێنێك بتەوێ دەڕۆیت. لەم کارە بەردەوامبە هەتا ئەبیت بەو برادەرەی کە یەك ملیۆن دۆلاری بەخشیە کارە خێرخوازیەکەی ئەو شەوە.

## بەشی دەیەم

## هەنگاوی هەشتەم

## دووبارەی بکەرەوە, هەوڵی زیاتر بدە و تەرکیزی تەواوەتی بکە

بەڵێ! جارێکی تریش دەیڵێمەوە: دەتوانیت ببیت بە ملیۆنەر و هەر دەبێت ببیت.ئەوە ئەرکی سەرشانتە. دەتوانیت ببیت بە ملیۆنەر و ملیاردێر و زۆر زەنگینتریش. تەنها بەوەی کە گەورەتر بیربکەیتەوە و تەرکیز بکەیت و ئەو هەنگاوانە دووبارە بکەیتەوە کە بۆم باس کردوویت.

ڕاستگۆیانە بدوێین و پێت بڵێم کە پرۆسەی زەنگین بوون چەندین ململانێ و ڕێگری تێدایە. دەبێت واز لە هەندێك شت بهێنین, نەوەڵا دەبێت واز لە زۆر شت بهێنین. کە یەکەم شت لەوانەی دەبێت وازی لێبهێنین بیرکردنەوە کۆنەکانی چینی مامناوەندە.

دووەم شت کە دەبێت وازی لێ بهێنین ئەو شتانەیە کە بەلای خەڵکەوە خۆشە. ٢٥ ساڵی ژیانم من باجەکەیم داوە. ئەوکاتەی خەڵکی گەشت و سەیران و گەڕان و یارییان

دەکرد، من یان خەریکی بنیاتنانی باری دارایم بووم، یان خۆم بۆ سەرکەوتن ئامادە دەکرد.

یەکەم نیشانە ئەوەیە کە کەسانی چواردەورت پرسیارت لێ دەکەن و دەڵێن کە بۆچی ئەوەندە خۆت هیلاك دەکەیت. یەکسەر دەڵێن: ئەوە بۆ وەك جاران دەنگت نییە و دەرناکەویت؟ وەك جاران سەردانمان ناکەیت و گلەیی برادەر و خزم و کەس و کارت دێتە سەر. کاتێك دەڕۆیت بەرەو سەرکەوتن و زەنگین بوون، زۆرێك دەیانەوێت کە قەناعەتت پێ بکەن و وازت پێ لێ بهێنن. هەندێك دەڵێن دنیا ئەوە ناهێنێ و هەندێك دەڵێن ئەوەی تۆ دەیڵێیت مەحاڵە. من دەڵێم هەم شایەنی ئەو خۆ هیلاك کردنەیە و هەم دەکرێ و هەم زۆریش گرنگە.

پرۆسەی زەنگین بوونت لەوە ئاگادارت ئەکاتەوە کە هێشتا پێویستت بە توانای زیاترە. من کە دەستم پێ کرد بۆم دەرکەوت چەندە شارەزایم کەمە لە ناسین و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکدا. چەندە لە

ئینتەرنێت نەشارەزام و چەندە پێویستم بە گفتوگۆیە و چەندە باوەڕ بەخۆبوونم لاوازە.

نەمدەزانی چۆن شت بفرۆشم و ڕیکلامی بۆ بکەم و نرخ و بەها بدەم بە شتەکانم و مامەڵە بکەم و کڕیارەکانم ئاگادار بکەمەوە. نەمدەتوانی ڕووبەڕووی بێ هیوایی و ڕەتکردنەوە ببمەوە و سەرەودەری تەواوم لە پارە نەدەکرد.

بۆیە سەرەتا هاتم و بەرەو پێشچوونم لە خۆمدا کرد. پێش ئەوەی هیچ ئیشێك بکەم، ئیشم لەسەر خۆم کرد. خۆم تەرخان کرد بۆ فێربوون و خوێندن. چونکە حەزم لە خوێندنەوە نەبوو، کۆرسم وەردەگرت بۆ ئەوەی فێرببم چۆن بخوێنمەوە. ئەو هەوڵانە و ئەو کۆرسانە وایان لە من کرد کە فێری هەموو شتێك ببم و حەزی لێ بکەم.

کاتێك لە سەرەتای هەنگاوەکانتدایت و دەستت کردووە بەو خاڵەی کە دەڵێت "داهاتت زیادبکە" و پاشان "کێ ئەو پارەیەی لایە کە من دەمهەوێت" واتە خاڵی سێ و چوار، ئا لێرەدا زۆرینەی کەس شکست دەهێنن. من ڕۆژانە ١٠ کاتژمێرم تەرخان کردبوو بۆ ئەم دوانە، هەفتەی شەش ڕۆژ،

تەنها بۆ ئەم دوو خاڵە. پاشان هەرچی کات دەمایەوە تەرخانم دەکرد بۆ بەرەوپێشچوونی خۆم لەو بوارانەدا کە تێیدا لاوازم.

کاتێک دەستم کرد بە زیادکردنی زانیارییەکانم، خۆم بەرەو پێش برد، هەر زوو هەستم بەو هەستەکرد لە خۆمدا کە باوەڕبەخۆبوونم زیادی کردووە. هەستم بەوە دەکرد کە زۆر زیاتر باوەڕم بە تواناکانم هەیە و لەخۆم ڕادەبینم و زیاتر بە پەرۆشەوە خۆم تەرخان دەکرد بۆ سەرکەوتن. ئەو کەسانەی لە چواردەورم بوون زیاتر کەوتنە ڕەخنەگرتن لێم. با لەسەرەتاوە پێت بڵێم، ئەمە ڕووبەڕووی تۆش دەبێتەوە و دەبێت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.

ئەوەی لەم نێوەندەدا گۆڕاوە تۆیت، بۆیە خۆت ئامادە بکە چونکە کاتێک دەگۆڕێیت، لەوانەیە شوێن پێی کەسێک لەق بکەیت و ببیتە مایەی مەترسی بۆ هەندێک.

بیرمە کاتێک دەستم کرد بە گۆڕانکاری لەخۆمدا، کچێکم خۆشویست پێی ووتم: تکایە مەگۆڕێ، من ئاوا تۆم خۆشدەوێت. منیش لە دڵی خۆمدا ووتم: خۆ من

لەبەر تۆ خۆم ناگۆڕم, لەبەر خۆم خۆم دەگۆڕم و خۆم دەمهەوێت. ئەو ویستەی لە ناخی مندا هانی دەدام بۆ بەرەو پێشچوونی خۆم, بووبووە مایەی مەترسی بۆ ئەو هەستەی لە ناخی ئەودا حەزی بە گۆڕان نەبوو.

ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت ببیتە ملیۆنەر, لە هەندێک کاتدا پێویستت بەوەیە کە ژینگە و چواردەورەکەت بگۆڕیت. کاتێک کە ئەمە دەڵێم مەبەستم لە هاوڕێ و خێزان و کەسەنزیکەکانتە. مەبەستم ئەوە نییە کە بڕۆیت و سەری خۆت هەڵگریت. نا, مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت هەندێک کەسی نوێ بهێنیتە ناو ژیانتەوە. ئاساییە هەندێک لە برادەرە کۆنەکانت لەدەست بدەیت چونکە تاقەتی تۆیان نامێنێت, لەبەرئەوەی کەمێک بێزارکەریت بەلای ئەوانەوە.

بۆیە بەڕاستی ئەگەر دەتەوێت بگۆڕدرێیت, دەبێت کەسانی نوێ بهێنیتە ژیانتەوە و بەرزتر ببیتەوە. ناڵێم کەسانی هاوئاستی ئێستا, یان کەسانی لەخۆت نزمتر. نا,

کەسانی بەرزتر دەڵێم. هەر بەڕاستی ئەگەر چواردەورەکەت نەگۆڕیت, ناتوانیت خەونەکەت بهێنیتە دی.

کاتێک دەگۆڕێیت. لەوانەیە شوێن پێی کەسێک لەق بکەیت و ببیتە مایەی مەترسی بۆ هەندێک.

لیستێک درووست بکە و ناوی ئەو کەسانەی تیا بنووسە لە شارەکەی خۆتدا کە لە هەوڵدان و نیازی گەشەسەندنیان هەیە و لەڕووی خێرخوازییەوە چالاکن و کات تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی گەشە و برەو بەخۆیان بدەن, و هەر دانانیشن و گلەیی و بۆڵەبۆڵ بکەن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە دەبێت لە چواردەورت بن. من خۆم لەو کەسانەم, هاوژینەکەم و منداڵەکانم و ئەوکەسانەی کە لەگەڵمدا کاردەکەن هەموویان لەو کەسانەن کە خۆمان تەرخان کردووە بۆ گەشەی خۆمان و چواردەورەکەمان. وە چێژ

لەوە وەردەگرين كە وا لەخەڵك بكەين بگەنە ئازادی دارايی و دەست لەكەس پان نەكەنەوە.

ئەوانەی كە سەركەوتوون حەز دەكەن كەسانی دیكەش سەركەوتووبن. ئەوانەی كە چەقبەستوون حەزيان لەوەيە كەسانی چەقبەستوو لەچواردەوريان بن. ئەگەر ئەو كەسانەت لەدەور نييە كە سەركەوتوون، برۆ و پەيدايان بكە. وە يەكێك لەو ڕێگەيانەی كە وات لێدەكات كەسانی سەركەوتوو بناسيت، ئەوەيە كە پەرە بەخۆت بدەيت و بچيت بۆ سيمينار و كۆنفرانس و كۆبوونەوەی كەسانی سەركەوتوو.

كات و پارە بە شتی مندالآنە و مۆبايل و ياری و گەڕانەوە خەرج مەكە. پارە لە سەركەوتووترين و باشترين كەسی ژيانتدا خەرج بكە، كە خۆتی. كاتێك باسەكە دێتە سەر پەرەپێدانی خۆت، هەرچەندێك خەرج بكەيت هێشتا كەمە. تەنانەت ئەگەر پێويستی كرد كە قەرز بكەيت بۆ ئەوەی پەرە بەخۆت بدەيت، برۆ بيكە.

بیری ئەوەت هەبێت کە تەواو، تۆ بڕیارت داوە کە لەمەولا تەنها بۆ ئەوە دروست نەکراویت نەمری و نەژی ژیان بەڕێ بکەیت. تۆ بڕیارت داوە ببیت بە ملیۆنەر. ئەو ڕێگایانە بگرەبەر کە توانا شاراوەکانی ناخت نیشان دەدات.

جا کاتێک ئەم هەشت ڕێگەیە دەگریتە بەر، دەتوانم بەڵێنی ٣ شتت پێ بدەم:

١) قورسترە لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

٢) ئاسانترە لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

٣) زۆر زیاترت لەوە دەستدەکەوێت کە ئێستا بیری لێ دەکەیتەوە.

خۆ ئەگەر لە مێشکی خۆتدا پرسیار ئەکەیت کە ئایا هەموو کەس دەتوانێت پێی بگات، نازانم ئەگەر هەموو کەس بتوانن یان نا. وە دەزانم کە هەموو کەس ئەم کتێبە ناخوێنێتەوە و کەسانێکی زۆر کەمیش ڕۆژانە لەگەڵ خۆیان هەڵی دەگرن. بەڵام دەزانم ئەگەر ئەوەی لێرەدا باسم کردووە بیکەیت، دەگەیت بەوەی کە دەتهەوێت.

بیرت دەخەمەوە, ئەم نامیلکەیە لە گەڵ خۆت هەڵگرە.

هەتا ئەوکاتەی یەکەم ملیۆن دۆلارت بۆ بەدەست دەهێنیت,

وە هەرکاتێك بەدەستت هێنا, یەکەم کەس هەواڵ بە من

بدە.

مامی خۆت

گراند کاردۆن

لە بەرهەمەکانی پەیجی زەنگین :






هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية

ژمارە: ٢٦٨٠
بەروار: ٢٢ / ٩ / ٢٠١٩

ژمارە:
ڕۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

بۆ/

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
ڕۆیشتوو

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردنی( ٢٧٧٥ ) ی ساڵی ٢٠١٩ تەرخانکراوە بۆ کتێبی ( نامیلکەی ملیۆنێرێک ) کە لە نووسینی (گراند کاردۆن )ە، وە لە وەرگێڕانی ( تەها جەلیل جەلال )ە، بە تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانە ، کە بابەتەکەی ( رۆشنبیری دارایی )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە/
ڕۆژ ٢٢ / ٩ / ٢٠١٩

ئالان محمد رؤوف
بەڕێوەبەر

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.
٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/

- دۆسیەی سپاردن

ژمارەی تەلەفۆن/ ٢٣٦٦-٣٢

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com

گرانت کاردۆن ئەو کەسەیە کە لە سفرەوە , بێ پارە و بێ ئەوەی کەس بناسێت و هیچ بڕوانامەیەکی بەرزی هەبێت , ئێستا خاوەنی کاری خۆیەتی و ساڵانە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار مامەڵەیەتی. وە بایی نزیکەی نیو ملیار دۆلار پارەی لە زەوی و موڵکدا هەیە. وە لە نۆ سەرچاوەوە داهاتی پێ دەگات.

کاردۆن خاوەنی 5 لە باشترین کتێبەکانی نیویۆرک تایمزە وە خاوەنی پڕ فرۆشترین سیمینارەکانی بزنس بووە کە ژمارەیان لە 10 سیمینار زیاترە. وە هەروەها یەکێکە لە پێنج CEO کەی جیهان. وە یەکێکە لە یەکەمەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆرترین کاریگەری هەبووە. جگە لەم هەمووە, یەکێکە لە چالاکترین کەسایەتیەکانی بواری خێرخوازی و ساڵی پار نزیکەی 100 ملیۆن دۆلاری بۆ کاری خێرخوازی تەرخان کردووە.

MILLIONAIRE

